# ڕەخنە!

# یان

# کوتەک؟

**قادر ڕەشید (ئەبوشوان)**

2001

# چەند سەرنجێك

◈ نوسین دەربارەی مێژوویەکی کۆنی سەدان و هەزاران ساڵە ، کارێکی سەخت نیە و بوێریی و ئازایەتییەکی ئەووتۆی ناوێت ، چونکە زیادتر پشت بە خەیاڵ ئەبەسترێت.

نوسین دەربارەی ڕووداو و کارەسات و هەڵسەنگاندنیان لە کاتی خۆیدا ، یان چەند ساڵێك دوای ڕووداوەکان کە هێشتا (پاڵەوانەکانی!) ئەو ڕووداو و کارەساتە کوشندانە لە ژیاندان ، ئەوا کارێکی ئاسان نیە و بوێرییەکی تەواوی ئەوێت.

هاوڕێ قایەر یەکێکە لەو کەسە کەمانەی کە خۆی داوە لە قەرەی کارەساتێك و بوێرانە باسی هۆیەکانی ئەکات کە کەم کەس تا ئێستا بەو شێوە جەرگبڕانەیە ئەوەی کردووە و نەوەی ئەمڕۆ شتی وای نەخوێندووەتەوە. ناوبراوەکانی ناو کتێبەکەشی کە کەم یان زۆر بێبەش نین لە بەرپرسیاریەتی لە کارەسات و تاوانەکاندا ، نەك هەر زۆربەیان لە ژیاندان ، بەڵکوو هێشتا هەر دەسەڵاتداریشن!

◈ ڕەخنە .. ئەم وشە کڵۆڵە ، لەلای کورد هێجگار ناوزڕاوە!

ڕەخنە لە سیاسەتی لایەنێك .. کفرە ، خۆ ڕەخنە لە بیروباوەڕ و دروشمی حیزبێك ، هەر لە کفریش کفرترە!

لە حیزبایەتیدا وا فێرکرابووین کە ئەبێت بە شان و باڵی (ڕەخنەلێگیراو)دا هەڵبدەین ، جا ئایا کەسە یان شت ، ئیتر پێمان ئەوت (ڕەخنەی دروستکەر)!

بەڵام لە ڕاستییدا ڕەخنە هەر ڕەخنەیە ، واتە دەربڕینی ڕا و بۆچوونێك کە لەگەڵ کەس ، یان شتە ڕەخنەلێگیراوەکەدا هاوتا نین و یەکناگرنەوە.

ئەوە گرنگ نیە کە ڕەخنەلێگیراوەکە پێی گەشەئەکات و دروستئەبێت ، یان

ئەڕوخێت و لەناوئەچێت! گرنگ ئەوەیە کە مرۆڤ ئازاد بێت و بوێرێت و بتوانێت ڕا و بۆچوونەکانی خۆی دەرببڕێت.

ئەگەر شتێك یان کەسێك بە ڕەخنە بڕوخێت، ئەوا زوو یان درەنگ بەبێ ڕەخنەش هەر هەرەس ئەهێنێت و ئەڕوخێت، چونکە هەر لە بنەڕەتدا فاکتۆری شێواویی و هەرەس و ڕوخاندنی تیادایە، یان تیایدا پێگەیشتووە و گەشەی کردووە!

🔷 سروشتی ناوچەکەی ئێمە و داب و نەریتەکانیشمان وایان کردووە کە هەر لە منالّییەوە فێری گوێڕایەلّیی ببین و فەرمانی کەسانی لە خۆمان گەورەتر، بەبێ وتووێژ جێبەجێبکەین!

کاتێك کە حیزبایەتییش ئەکەین، ئەو پەروەردەیە قولّتر ئەبێتەوە، بۆیە ڕەخنەگرتن لە سەرکردایەتی و دروشمەکان و پایە و کۆلّەکە فیکرییەکانی حیزبەکان و سیاسەتە هەمەجۆرەکانیان، بە تاوان دائەنرێت!

بەلای زۆر کەسەوە حیزب پیرۆزە (موقەددەسە)! و نابێت ڕەخنەی لێبگیرێت!

کاك جەلال دەباغ بە گالّتەجاڕییەوە لە نامیلکەکەیدا بە هاوڕێ قایەر ئەلّێت: (دوای زیاتر لە پەنجا سالّ لە ناو حیزبدا، لە سیاسەتی حیزب و دروشمەکانی تێنەگەیشتووە و ڕەخنەیان لێئەگرێت...)!

بەلّێ .. ئەو جۆرە کەسانەی کە بوونە مایەی سەرگەردانیی حیزبە شیوعی و چەپەکان و هەرەسی بزوتنەوەکەیان لە دنیادا، لایان وایە کە سیاسەت و دروشمەکانی حیزب و سەرکردەکانیان وەك وشەی قورئانن و (تا دەرکەوتنی مەهدی!) نابێت (تەفسیر) بکرێن، جگە لەوەی کە لە یەکەم ڕۆژەوە کراوە و بەرنامەی لەسەر داڕێژراوە!

زیادتر لە پەنجا سالّ ئەندام بیت لە حیزبێکدا و هەزاران کاری پڕ مەترسی جێبەجێبکەیت و هەزاران تالّیی، ناخۆشیی، گرتن، دورخستنەوە، سەرگەردانیی و

ماڵوێرانیی ، بەڵام بۆت نەبێت وتووێژی سیاسەت و دروشمێکی حیزبەکەت بکەیت و رەخنە لە سەرکردەیەك بگریت! ئەگەر کردیشت ئەوا نەزان و تێنەگەیشتوویت! هەر ناوی ستالین و دیکتاتۆرەکانی تر بە ناوە! بەڵام کورد بە گۆترە نەیوتووە (هەزار رەحمەت لە کفندن)!

◆ ئەوانەی کە تاك و تەرا رەخنەیان هەبووە لە حیزبەکانیان و سەرکردەکانیان ، ئەوانە بوون کە وازیان لە حیزبەکانیان هێنابوو یان دەرکراو بوون.

بەڵام هاورێ قایەر هێشتا هەر ئەندامە لە حیزبدا و دڵسۆزی ئاوات و ئامانجەکانیشێتی ، بۆیە من پێم وایە کە رەخنە و راوبۆچوونی جیاواز کاریگەرتر و بەهێزتر ئەبێت کاتێك کە رەخنەگر لە ناوەوە بێت ، وەك لەوەی لە دەرەوەی حیزبەکە بێت و دورکەوتبێتەوە ، چونکە ئەو کاتە دوو سێ ستالین قوت ئەبنەوە و ئەڵێن ئەگەر ئازابووایە با لە کاتی خۆیدا ئەو رەخنانەی بگرتایە!

◆ ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە کاك جەلال لە کاتی کارەساتەکانی پشتئاشاندا لە کوردستان نەبوو ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی کردووە بە پۆلیسی حیزب و لە بری کەسانێکی تری ناو حیزب و دەرەوەی حیزب ، ئەرکی شێواندنی واقیعەکەی گرتووەتە ئەستۆ و بێ زەمینەیەك کە خۆی تیایدا ژیابێت ، بە نارەوا بەرپەرچی بۆچوون و رەخنەکان ئەداتەوە و خۆی ئەکات بە حیزب و خاوەنماڵ بەسەر هاورێ قایەر و کەسانی ترەوە و ئەوانیش بە بێگانە!

◆ مێژووی کارەساتەکانی پشتئاشان و شەرانی کوردکوژیی کۆن نیە و زۆربەمان ساڵانێکی هەرەتی لاوییمان لەو شەروشۆرانەدا بەسەر برد ، بۆیە زۆربەی رووداوەکان و ژیانی ئەو رۆژانە (لەسەر پشتی دڵمان نوسراوە!) و هەر وا بە ئاسانیی لە یاد

ناچنەوە.

◈ حیزبی ئێمە ، حیزبی شیوعی کوردستانیی ، باوەڕی بـە مارکـسیزم هەیـە ، واتـە گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، ئابوری و ... تد ، بەڵام ئەمە مانای ئـەوە نیـە کـە کەسـانێکمان نیـە تەقـەی سـەریان دێـت لــە مارکـسیزم و پێـشکەوتن و گۆڕانکاریی و نوێکاریی .. نەخێر کەسـانێك هـەن کـە تـا ئێـستاش بـە عەقڵییـەتی زیادتر لـە نیو سەدە لـەمەوبەرەوە بیرئەکەنەوە و ڕەفتارئەکەن!

کەسانێك هەن خۆیان وەك (ئیمام) دێتە بەر چاو ، وا پێشانئەدەن کە (مەرجەعیەت) بن و ئەبێت ئـەوانی تـر لــە نـاو حیزبەکـەدا وەك مریـد و دەروێـش بـن و کەسـانی دەرەوەی حیزبەکەش وەك براگەورە و ڕیشسپی سەیریان بکەن!

ئای لـەو عەقڵییەتە دواکەوتووە .. ئەگەر بە ڕیش بووایە ، ئەبووایـە بـزن موفـەتیش بووایە!

◈ کاتێك کە ئەندامان و کادێرانی حیزب پێشبینیی ئەوەیان ئەکرد کە حیـزب لــە هەڵبـژاردنێکی ئاینـدەدا شکـست ئـەهێنێت ، وەك هـاوڕێ قایــەر لــە کتێبەکــەی پشتائاشاندا باسی کردووە ، کاك جەلالـیش لـە نامیلکەکەیدا بە گاڵتەجاڕییـەوە بـەو پێشبینییە ئەڵێت (نوقڵانە)! بەڵام پـاش دوو سـاڵ بەسـەر دەرچـوونی کتێبەکـەدا ، هەڵبژاردنەکانی شارەوانیی سلێمانی کرا و حیزبمان شکستێکی مەزنی تیادا هێنا.

ئەگەر نەچینە قوڵایی باسەکەوە ، ئەوا بە کورتیی ئەڵێم کە بەشدارییکردنەکە خـۆی لـە خۆیدا هەڵـە بـوو ، داننـان بـوو بـە دوو پارچـەیی و دوو دەسـەڵاتداریی باشـوری کوردسـتاندا و ئەبووایـە چەپـەکان ئـەو ڕاسـتییەیان بزانیایـە کـە کـێ و چـۆن ئـەو هەڵبژاردنــە ئـەکات و کــێ خــۆی بــۆ ئامــادەکردووە و بەرنامــەی بــۆ دارڕشــتووە و سەرپەرشتیی ئەکات و مەبەستی چییە لـەو هەڵبژاردنە!

ستالـینی ئاشنای زۆربەی چەپەکانی کوردستان ئەڵێت: لـە هەڵبژاردندا گرنگ ئـەوە

نیە کێ دەنگ ئەدات ، گرنگ ئەوەیە کێ دەنگەکان ئەژمێرێت!

ئەگەر گریمان ئەوەندەی دەنگمان هێنابوو ، یەکیـەتیش ئەوەنـدەی (خواردبێـت) ، بـا ئەوەندەی تریش کەمترخەمیی تیادا کرابێت و هەڕەشە و گوڕەشە و دزیـی و گزیـشی بێتە سەر ، هێشتا هەر چوار هەزار دەنگ! ئاستی ئێمە نیە و ئـەوە جـەماوەری ئێمـە نیـە! بـەو ڕادەیـە ئێمـە شـەهید و قوربـانیی و کەنەفتـەمان هەیـە لـە ناوچـەی سلێمانییدا.

ئەوە (نوقلانە) نـەبوو کـە هاوارمـان ئـەکرد ئـەبێت کـادێرانی حیـزب بـە خۆیـان و سیاسەت و دروشـم و بەرنامـەی حیزبـدا بـچنەوە .. ئـەوە پێـشبینیی و خەملانـدنی زانستییانە و دیالـیکتیکییانە بوو.

◈ دوای سەلماندنی ئەو (نوقلانانە)! حیزب چی کرد؟ ئایا هەمان دەموچاو و هەمان سیاسەت وەك خۆیان نەماونەتەوە؟ ئایا بۆ تـەنیا یـەك جـاریش لـە مێـژوودا تـەنیا کەسێك نیە لـەم حیزبـەدا کـە بەرپرسـیار بێـت لـەم قـەیران و شکـستانە و بردنـی حیزب لـەم شکستەوە بۆ ئەوی تر؟.. کوا؟.. کێیە؟

ئایا ئەبێت حیزبمان ببێت بە مۆزەخانەی سیاسـەت و تەمەندرێـژانی حیزبایـەتی! یان قوتابخانەی نەوەکان و پێشکەوتن و خۆگونجاندن لـەگەڵ گۆڕانکارییە نوێیەکانی ژیانی مرۆڤایەتی؟

پـێم وایـە کـادێرانی حیـزب و کـاك جـەلالـیش لـە ڕوانگـەی بیروبـاوەڕە دیالـیکتیکییەکەیانـەوە! ئەبووایـە و ئـەبێت ئازایانـە و بـە ئاشـکرا وەڵامـی ئـەو پرسـیارانە بدەنـەوە ، نـەك داکـۆکیی بکـەن لـە هەڵـەکانی ئەنـدامێك و دووانـی سەرکردایەتی کە ئەوەتەی موویان لـێ ڕوواوە ئەندامی سەرکردایەتی ئەم حیزبـەن و کە لـە دەرەوەی حیزبیش ئەبن ، وەك مەرجەعیەت سەیریان ئەکەن!

بە هەر حاڵ ئەم چەند سەرنجەم لـە بری پێشەکی نوسی ، چونکە نامیلکە پێـشەکی

هەڵناگرێت.

دەستخۆشیی لە هاوڕێ قایەر ئەکەم و هیواداریشم کە کادێرانی حیزب و لایەنەکانی تریش بەو گیانی لەخۆبوردن و بوێرانەیەوە باسی خەباتی ڕابوردوویان بکەن.

من لە ڕوانگەیەکی زانستیی و تاقیکردنەوەی ژیانەوە ، ئەو ڕاستییەم بۆ دەرکەوتووە کە ئەم ڕەخنە و باسانە حیزبی پێ دەوڵەمەند و بەهێزتر ئەبێت ، (ئەگەر!) سەرکردەکان و کادێران گوێ بە ڕا و بۆچوون و ڕەخنەکانی ئەندامان و جەماوەرەکەی خۆیان بدەن!

هیوادارم کە خوێنەران پێش خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیە ، کتێبەکەی (پشتئاشان لە نێوان ئازار و بێدەنگییدا) بخوێننەوە و نامیلکەکەی کاك جەلالیش ، بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی بابەتییانە باسەکان هەڵبسەنگێنن و بزانن کێ و چۆن ڕاستییەکانیان ئاوەژوو کردووە!

**نەوزاد وەلی**

# سەرەتا

لە مانگی شەشی 2000 دا هاوڕێ جەلال دەباغ نامیلکەیەکی 45 لاپەڕەیی قەوارە A5 ی بلاوکردووەتەوە بە ناوی (خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی پشتئاشان لە نێوان ئازار و بێدەنگیدا *** یەکێتی نووسەرانی کوردو هێرشەکەی د.مارف خەزنەدار..!).

شەل و کوێرم ، ناپارێزم و (بێئاگا) لە ڕووداوەکە ، ئەوەی ویستویەتی و بە خەیاڵیدا هاتبێت دەربارەی پشتئاشان ، نوسیویەتی و هۆنیویەتیەوە.

من وەك زانیاریی و بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە و واقیعییانە و بێ پێچوپەنا و لەپێناوی بەرژەوەندی حیزبەکەمدا ، لە ڕووداوێك دواوم کە خۆم لە ناخیدا ژیاوم ، بەڵام ئەو لەو کاتەدا لە دەرەوەی کوردستان و عێراقیش ئەژیا ، کەچی ڕەخنە لە کتێبەکەم ئەگرێت و ڕووداوەکان (لە زمانی کەسانێکی ترەوە!) بە پێچەوانەی واقیعەوە ئەگێڕێتەوە و ئاوەژوویان ئەکات.

ڕەخنەگرتن قەدەغە نیە و ئەویش بۆی هەیە وەك هەموو کەسێکی تر ڕەخنە بگرێت و مافێکی ڕەوای خۆیەتی.

زۆر لە هاوڕێ و دۆستانم داوایان کرد کە وەڵامی ڕەخنەکانی بدەمەوە ، بەڵام من بە پێویستم نەزانی و هەر لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەو لەناو باسەکەدا نەبووە.

دواجار کەوتمە ئەو باوەڕەوە کە ئەو هاوڕێ ئازیزانەم ڕاستئەکەن و باشترە وەڵامێکی بدەمەوە لەپێناوی زیادتر ڕونکردنەوەی باسەکان و خزمەتێکی زیادتریش بە حیزب و هاوڕێیان بگەیەنم ، چونکە لەوانەیە زۆر لە خوێنەرانی نامیلکەکەی ئەو وا بزانن کە ئەو ڕەخنەکانی لە ڕوانگەیەکەوە ئەگرێت کە خۆی لە واقیعەکەدا بووبێت!

من لە (پشتئاشان لە نێوان ئازار و بێدەنگییدا) ، داوام لە خوێنەران کردووە کە بۆ

دەوڵـەمەندکردنی ئەم باسە سەرپـشك بـن و درێغیـی نەکـەن ، تکاشـم لــەو هـاورێ و کەسانەی تر کردووە کە ناویان هـاتووە یـان پرپـشکی ئـەم باسـە ئەیانگرێتـەوە ، بـە هەڵـوێستێکی (شەخسیی) لـە قەڵـەمی نەدەن.

من تەنیا چـمکێکی پریاسـکەکەم هەڵـداوەتـەوە ، پـێموایە کەسـانێکی تـری بـەتوانا و دڵسۆز و بەئاگا و بەشدار لـەو رووداوە دڵتەزێنانەدا هەن و ئەتوانن قەڵـەمی زانیاریی خۆیان بخەنەگەڕ ، بەڵام بۆ زیادتر ڕونکردنەوە ، نەك بۆ زیادتر شێواندن!

نوسینی (پشتئاشان لـە نێوان ئازار و بێدەنگییدا) هیچ پەیوەندییەکی بـە پەسـتیی و بێزاریی و هەنـدێ لایـەنی ژیـان و کەسـایەتییەوە نیـە ، وەك ئـەو لــە لاپـەڕە 4 ی نامیلـکەکەیـدا وەك سـایکۆلـۆجێك! بـە خـەیاڵـی خـۆی ئـەو هەڵـبەسـتنانەی یـەك لـەدوای یەك دارشتووە ، بە بێ هیچ بەڵـگەیەکی دیارییکراو و سەرچاوەیەکی نوسراو و باوەڕپێکراو.

لـە سەرەتادا وام دانابوو کە بەراوردێکی ڕەخنـەکانی بکـەم بـە گـشتیی و بـەگوێرەی نـاوەڕۆك و شـێوازەکانیان ، بـەڵام ئـەبینم هـەردووکیان بـەربادن ، لـەبەرئـەوەی لــە ڕووداوەکاندا نەبووە و تەنانەت لـە وڵاتیشدا نەبووە ، بێ زانیـاریی و بـێ ئـەوەی لــە حیزبەوە مافی ئەو ئەرکەی پێدرابێت! بێ ئەوەی ئاماژەی بە سەرچاوە و بەڵـگەنامـە کردبێت! خۆی لـە خوێنەر کردووە بە سورەی بەر لـەشکر و حیزب و مێژوو!

نوسینەکەی لـە سنوری ڕەخنە لایداوە و کردوویەتی بە هێرش و (تۆڵـە) و تۆقانـدن و سوکایەتیپێکردن و شێواندنی باسـەکە و پێـشێلـکردنی نـەریت و ڕێبـاز و پـەیڕەویی ناخۆی حیزبی شیوعی و لـێدان و سـەرکوتکردنی دەربـڕینی بـیروڕای ئـازاد لـەسـەر سیاسەت و دروشم و ئەرك و تاکتیکی ڕۆژانەی حیـزب لــە لایـەن ئەندامەکانیـەوە و داکۆکیی نارەواش ئەکات لـەو کەس و لایەنانەی ئازاریان بە حیزب گەیاندووە!

بۆ هەر مەبەستێکی تایبەتیی خۆی و غەیری خۆی بێت! خۆی کـردووە بـە مقاشـی دەستی ئەو کەس و لایەنانەی کە کتێبەکەم پەڕ و باڵـیانی هەڵـپرووسکاندووە.

# قەدەغە !

نـاوبراو پـێی وایـە قەدەغەیـە و نابێـت و ناکرێـت لـەم ڕۆژەدا بەسـەرهاتەکانی ڕابوردوومـان بـۆ نـەوەکانمان ئاشـکرا بکـەین! وەك لـە لاپـەڕە (5)ی نامیلـکەکەیـدا ئەڵێت: (دەبێ سەرنجی ئەوەش بدرێ کە دوای 15ـ 16 ساڵ ناکرێ هەر بە شـێوەی پێشوو بنوسرێ، بە تایەبەتی کە لە نێوانی شیوعی و یەکێتییدا ئەو لاپەڕە داخدارانە هەڵدراونەتەوەو، لـە خـەباتی ئایندەیانـدا پـێکەوە لـە دژی دوژمـن خوێنیـان ڕژاوەو، لاپەڕەی نوێی هاوکاریو تەبایی کراونەتەوەو، گەیشتووینەتە قۆناغێکی دیکەو، راسـت نییە برینەکان بێنینەوە سوێو..).

بە بڕوای ئەو ئەبووایە نوسینەکەم لـەم سـەردەمەدا بڵاونەکردایەتـەوە ، لـەبەرئـەوەی (هاوپەیمانمان) لـێ ئەوروژێنێت!

کاتی خۆشی لە سەردەمی بەرەکەمان لەگـەڵ بەعـسدا کـە لـە هەفتەنامـەی (الـفکـر الـجدید) کاری ئەکرد ، ئەیوت نابێت لـەسەر ڕووداوەکانی ڕابوردوو بنوسین ، حیزبی حەلـیفمان "بەعس" لـێ زویر ئەبێت!

پێموایە ئەبێت ڕووداوی مێژوویی لە هـەموو بارودۆخێکـدا وەك خـۆی بنوسـرێتەوە ، مێژوو ئاڵوگۆڕی پێ ناکرێـت و شـەرم لـە کـەس ناکـات و لـە کەسـیش نابورێـت. بەگوێرەی ڕا و بۆچوونی خۆینەرانی (پشتئاشان لـە نێوان ئازار و بێدەنگییـدا) ، ئـەم باسە نەك هەر سودمەند بووە بۆ ئەمڕۆی حیزبمان ، بـەڵکوو بـۆ تـەواوی حیزبـەکانی بەرەی شەڕی ئەو کاتەش (ئەگەر واقیعیی بن!) بەکەڵکە ، ئیتر شەڕ و تیرۆرکـردن و پاشقولـگرتن لـە یەکتر باوی نەماوە و ئەبێت نەفرەتی لـێبکرێت.

نـازانم کـام زانایـە ئـەڵێت (ئەگـەر لـە نوسـینەکەت ئەترسـیت ، مەنوسـە و ئەگـەر نوسیشت مەترسە) ، من ئەو ڕێگایـەم گرتەبـەر کـە بنوسـم. ئـەبینم شـوێنەواری ئـەو

هەڵــە و ناتەواوییانــە هــەر مــاوە و بــەرۆکی بەرنــەداوین و مەرگەســات لــە دوای مەرگەسات ناوبەناو سەرهەڵئەداتەوە و گەلیش باجەکەی ئەدات ، بۆیە ناچـار بـووم کە بنوسم.

لـە لاپەڕە 4 دا لـەژێر ناونیشانی (ئایا راسـتە بێـدەنگی لــە ڕووداوەکـانی پـشتئاشان کراوە؟) ئەڵێت: (سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێین کە نە دەبـوو وشـەی "بێـدەنگی" لـە ناونیشانی نامیلکەکە و باسەکاندا ڕەنگ بداتەوە ، راست نییە لاوانـی ئـەم نەوەیـەی ئێستا وا تێبگەیەندرێ کە گوایە حزبی شیوعی لــە ڕووداوەکـانی پـشتئاشان بێـدەنگ بــووە... ، لـــە شەشـــەمین کـــۆنگرەی حزبـــدا پـــوختەکەی بڕیـــاردراو خرایـــە نـــاو بەڵگەنامەکانی کۆنگرەوەو لـە ل 90 ـ 92 دا تۆمار کراوە..).

لێرەدا چەند پرسیارێك وەك قارچك هەڵئەتۆقن:

بۆچـی پـێش 16 سـاڵ پـوختەی ڕووداوەکـە نەخرایـە بـەردەم قاعیـدەی حیـزب و ڕێکخراوەکانیان و جەماوەر؟

بۆ لـەدوای 16ساڵ خرایە ئەرشیڤەوە؟

بۆ کەی و بۆ کێ لـە ئەرشیڤدا دانراوە؟

ئەو لاپەڕانەی 90 ـ 92 ، ئایـا کتێبـە؟ یـان ئیزبارەیـە؟ تـا خوێنـەر و لێکۆڵــەر بـە دوایدا بگەڕێن!

ئایا کەس دەستی ئەگاتە ئـەو بەڵگەنامانـە؟ یـان ئەمـە خـۆی لــە خۆیـدا دیـزە بـە دەرخۆنە کردنە!

هەڵوێست چی بوو؟

ئایا ئەو هەموو کارەساتە گەورانەی پشتئاشان و ئەو هەموو شـەهیدانە ، بـە تـەنیا بـە دوو سێ لاپەڕەی ئەرشیڤ کۆتاییان پێهات؟

ئەبووایە پوختەی بڕیار ، ئەگەر لـە سنورێکی تایبەتییـشدا بووایــە ، بڵاوبکرایەتـەوە. من لـەو بڕوایەدام کە ئەو بۆ خۆشی دەستی ناگاتە ئەو (پـوختە)ی بڕیارانـە ، ئـەگینا

هەر هیچ نەبێت دوو لاپەڕەی ئەو (پوختەیەی) بۆ ئەنوسینەوە!
ئەبووایە بێدەنگیی لە کەموکوڕیی و ناهۆشیاریی هەیئەتی بەرپرسیار نەکرایە!
تەنانەت لۆمەی کەمترخەمییشیان لێ نەکراوە دەربارەی هۆکار و ئەنجامی ئەو سەرگەردانییە!
ئایا ئەمە شاردنەوە و بێدەنگیی نیە لە قاعیدەی حیزب و جەماوەری تینووی زانیاریی دەربارەی کون و کەلەبەر و هۆیەکانی شەڕ و بەیەکدادانەکانی لایەنەکانی جولانەوەی ڕزگارییخوازیی گەلەکەمان؟
بۆچی باسی ئەم بەسەرهاتە لە کۆنگرەی 4 دا نەکرا کە لە مانگی 11ی 1985دا گیرا و هێشتا لە گەرمەی شەڕدا بووین لەگەڵ (ینك)دا؟
خۆ بارودۆخەکە لەبار بوو بۆ پیاداچوونەوە و تاوتوێکردنی هەڵوێست لە مەسەلەی پشتئاشان ، ئایا ئەمە پێی ناوترێت بێدەنگیی؟
باشتر ئەبوو کە "پوختە"ی بڕیارەکەی لە ئەرشیڤ دەربهێنایە و لە نامیلکەکەیدا بڵاوی بکردایەتەوە!
لێدوان لە هەڵە و ناتەواوییەکان بە تەنیا ، بە بێ هەڵوێست و لێپرسینەوە و چارەسەرکردن ، بەس نیە و ناشبێتە ئەزمون و عیبرەت کە لە داهاتوودا دووبارە نەبنەوە ، هەر وەك بوونەوە و بەم ڕۆژگارەش کەم یان زۆر بە پلەی جۆراوجۆر سەرهەڵئەدەنەوە.
لە پێشەکیەکەی نامیلکەکەیدا ئەڵێت: (بەلام لەبەر ئەوەی وەلامەکەی من درێژتر بوو، لە ڕێگای کوردستاندا جێگای نەدەبۆوە، دواخراو بەباش زانرا کە لێرەدا بلاو بکرێتەوە، چونکە دیسان ئەو باسانەش لەسەر یەکێتیی نووسەرانی کورد مێژوویین و راست نییە لێیان بێدەنگ بین، هیوادارم لەم دوو نووسینەدا نیشانم پێکابێ‌و دوو برای رەخنە لێگیراو دڵگران نەبن..).
ناوبراو ئاگاداری ئەوە نیە کە ڕێگای کوردستان ڕێگای بە پاڵپێوەنراوەکانی تریش

نـەداوە خامـەی خۆیـان تاوبـدەن بـە تـەکلیفی ئـەم و ئـەو ، لـەبەرئـەوەی باسـەکەی پشتئاشان بریتیە لـە لـێدوانێکی مەوزوعییانە و داکۆکییە لـە حیزب و پێشمەرگە.
من باسی کەمترخەمیی و ناهۆشـیاریی و لـێنـەهاتوویی و لاوازیـی هەسـتی چـینایەتیم کردووە کە بووە مایـەی ڕشـتنی خـوێنی هاوڕێیـانی دیـل و تـالآنیی و سـوکایەتی بـە خوشکان و تەرمی شەهیدانمان.
نوسـینەکەم بریتیـە لــە ڕیـسواکردنی ڕێبـازی شـەڕی نـەفرەتلێکراوی کوردکـوژیی و پوچەڵکردنەوەی نوسینەکانی ئەو نوسەرانە کە واقیعی ئەو ڕووداوانەیان پێشێل کردووە و بە چەواشەیی بڵاویان کردووەتەوە. بە داخەوە ناوبراویش بۆ هەر مەبەستێك بێت پڕ بە دڵ لـە نامیلـکەکەیدا داکۆکیی لـەو کەس و لایەنانە ئەکات ، ئیتر ڕێگای کوردستان بە چ لۆجیکێك نوسینەکەی بۆ بڵاوبکاتەوە!
هەڵـوێستی ڕێگای کوردستان بەجێیە و ڕێگای نەداوە بە کەسانێك ئـەو باسـانە بکەنـە هۆیـەك بـۆ بەرژەونـدی تایەبـەتیی خۆیـان لــەم ڕۆژگـارەدا ، هـەر وەك ئـەو دور لــە خواست و هەڵـوێستی ڕێگای کوردستان و حیزبەوە ، کردوویەتی بە هۆیەك بۆ مـەرامی تایەبەتیی خۆی کە ئەبووایە نەیکردایە و خۆی توشی ژانەسەر نەکردایە.

## ئەبووایە!

لـە لاپەڕە 7 دا ئەڵێت: (نووسەر دوای پتر لـە 15 ساڵ لـە ڕووداوەکە دەڵـێ "ئەبوایە" ئەمە بکرایەو "ئەبوایـە" ئـەوە نەکرایـە!... جـا ئایـا نابـێ سـەرنجی هۆکـارە جۆربـە جۆرەکانی شـەڕی نـاوخۆیی بـدرێ؟ ناکۆکیـەکانی نـاو ریزەکـانی گـەل بـە "ئەبوایـە" چارەسەر دەکرێ؟).
بەڵـێ .. ئەم "ئەبووایانە" لـە پێش 15 ساڵـدا "ئەبێت" بوون ، بۆ نمونە:
1 ـ لـە 15-5-1983دا بـە هـاوڕێ عومـەری مامەشـێخەم ڕاگەیانـد ، هـەر وەك لــە

کتێبەکەمدا هاتووە ، "ئەبێت" بە خۆماندا بچینەوە لە باری عەسکەریی ، فیکریی ، مەعنەویی ، ماندوویی ، بێپشتیوانیی ، بێجێگا و ڕێگا و..تد ، ئەوسا بیر لە تۆڵە بکەینەوە ، شەڕی پشتئاشانی یەکەم سەلماندی کە تەنانەت هێزەکانی مەڵبەندەکانی خۆشمان نەهاتن بە هانامانەوە!

ئەمڕۆش بەگوێرەی ڕێزمانی کوردیی بەو (کردارە ڕابوردووە) ئەوترێت "ئەبووایە" بە بێ دیراسە و پیاداچوونەوەیەکی هەموو هۆیەکانی تێکشکانی پێشوو ، فەرمانی شەڕی پشتئاشانی دووەم نەدرایە!

لەو کۆبوونەوەیەی ئەو 12 ئەندامەی ل.م و م.س لە 24-5-1983 لە گوندی (سێڵوێ)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان[1]، بڕیاری شەڕێکی تری دۆڕاو درا و تێهەڵچوونەوەیەکی نوێ دووبارە بووەوە و سێ ساڵی تری خایاند و ژمارەی شەهیدانمان گەیشتە نزیکی 90 هاوڕێ! نە تۆڵەمان کردەوە و نە سەرکەوتنمان بەدەستهێنا! ئەمڕۆ ئەوترێت "ئەبووایە" بە بێ دیراسە و بە دەستی بەتاڵەوە بڕیاری شەڕی پشتئاشانی دووەمی دۆڕاو نەدرایە!

بۆچی درا و هۆی چی بوو؟ خوێنی ئەو شەهیدانە لە ئەستۆی کێیە؟ ئایا بڕیاری سێڵوێ عادیلانە و لە جێی خۆیدا بوو؟

لەبەرئەوەی سەرگەردانیی لەدوا بوو ، "ئەبووایە" چاوپۆشیی لەو هەڵە سەرگەردانییە نەکرایە و "ئەبووایە" لێپرسینەوە لە بەرپرسیاران بکرایە!

2 ـ لە گەڕانەوەماندا لە سەری جاسوسان ، لە ڕاگرتنی هێرشی (پدك) بە ڕابەرایەتی حەسۆ میرخان ژاژۆکیی ڕەحمەتیی ، بۆ گرتنی بارەگای (ینك) لە ناوزەنگ لە ڕۆژی 13-2-1983دا ، بە ڕێکەوت لە نزیکی ناوزەنگ توشمان بوو بە توشی چەند عەرەبێکەوە کە بە هاوڕێیەتی چەند پێشمەرگەیەکی یەکیەتی بەرەو قەڵادزێ کەوتبوونە ڕێ ، پاش ماندوونەبوونکردن لە یەکتر ، بە عەرەبییەکی زاراوەی عێراقیی پرسیاریان لێکردین کە ئێمە پێشمەرگەی کێین؟ ئێمەش (هاوڕێیان مەحمود فەقێ

خدر ، سەلیمەسور ، هەمزەسور و قادر ڕەشید) بووین ، وتمان پێشمەرگەی حیزبی شیوعی عێراقین ، ئینجا ئێمە لێمان پرسین ئێوە چ کارەن؟ وتیان وەفدی فەلەستینین و لای مام جەلال بووین! پێمان وتن ئێوە عێراقیین و بە زاراوەکەتاندا دیارە!

ئەمانە وەفدی بەعس بوون و هاتبوون بۆ لای یەکیەتی ، ڕۆژەکەی زۆر سارد و توش بوو بەفرێکی زۆر باریبوو ، هەر ئەشباری ، ئەوانیش خواخوایان بوو زووتر قورتار ببن لەو ئاشکرا بوونەیان ، ئیتر زۆر بە پەلە بەرەو قەلادزێ کەوتنە ڕێ.

لەپاشان چاومان کەوت بە کاك جەمال حەکیم ، پرسیارمان لێکرد ، وتی (ئا.. ئا.. ئەوانە نوێنەری یاسر عەرەفات بوون!) ، باسەکەی گۆڕی و وتی با بێینەوە سەر باسەکانی خۆمان ، ئەو یارمەتییەی ئێوە لە سەری جاسوسان ، سەرکەوتنێکی مێژوویی بوو بۆ ئێمە ، "ئەبێت" لەبەر چاومان بێت. ئێمەش وتمان "ئەبێت" ئێوەش وا بن لە هاوکارییتاندا.

ئەمڕۆ ئەوترێت "ئەبووایە" (ینك) پێزانینی هەبووایە و ئەو خوێنەی لە پشتئاشاندا نەڕشتایە!

هەواڵی ئەم بەعسییانەمان بە پەلە گەیاندە سەرکردایەتی حیزب لە پشتئاشان ، هێشتا تەنیا چەند ڕۆژێك تێپەڕ بوو بوو بەسەر بەرە دوو قۆڵییەکەی نێوان یەکیەتی و حیزبی شیوعیدا لە 6-2-983 لە ناوزەنگ ، "ئەبووایە" حیزب بەئاگا "بووایە"!

ئەبوسەرباز ئەڵێت: (بەڵام هەر لەو کاتەدا کە ڕێکەوتنەکەیان لەگەڵ ئێمەدا ئیمزاکرد ، هاتوچۆ و پەیوەندییان لەگەڵ ڕژێمدا هەبوو ، ڕۆژی 3-2-1983ڕۆژێك بەر لە گەیشتنی ئێمە بۆ نیوزەنگ، هاوڕێ (أبو شوان) لە نێوان شێنێ و نیوزەنگدا تووشی وەفدێکی حکومەتی عێراق دەبێ کە برادەرانی یەکیتی بەرەو قەلادزێ بەڕێیان کردون و برادەرانی یەکێتی گووتوویانە ئەوانە نوێنەری ڕێکخراوە فەلەستینیەکانن بۆ لای مام جەلال هاتوون. بەڵام (أبو شوان) گوێی لێبوون کە بە عەرەبی زاراوەی عێراق قسەیان کردووە...).(2)

کاتێك سەرکردەکانی حیزب زانییان کە لـە نێوان یەکیەتی و ڕژێمی فاشیـستی بەغـدا پەیوەندیی هەیە ، "ئەبووایە" بە پێی پێویست هۆشیار بوونایە!

3 – کاتێك گەیشتینە ئەشکەوتی هەزار ئەستون لـە سـورێن ، بـۆ بـەردانی نەوشـیروان مستەفا ، پێەکەوە دانیشتین و پێمان ڕاگەیاند: ئێمـە بـۆ بـەردانی بـەڕێزت هـاتووین و "ئەبێت" لـەگەڵ خۆمان بتبەینەوە ، ئەمڕۆ حیزبمان بەرپرسیاری چارەنوسی بەڕێزتـە ، تۆ لـێرە میوانێکی ئازیزی لای حیزبمان.

جا لـێـرەدا بـە تێـپەڕبوونی (سـاڵانێکی زۆر) ، ئـەو "ئـەبێت"ــە بـووە بـە"ئەبووایـە" نەوشیروان مستەفا وەك میوانێکی ئازیز لـە لای حیزب ڕاینەکردایە و حیزبەکـەشمانی شـەرمەزاری (حـسك) نەکردایـە! ئێمـە نەئەگەڕاینـەوە تـا بەرماننەدایـە و ئێـستاشی لـەگەڵدا بێـت ، کـەس لــەو بڕوایـەدا نـەبوو کـە برادەرانـی حـسك نەوشـیروانیان لــە بارەگای ئێمەدا بکوشتایە!

نەوشـیروان وتـی ئەگــەر بەریاننــەدام ، ئێـوە بـەجێم مـەهێڵن ، پـێمان وت بـەبێ تـۆ ناگەڕێینەوە.

4 – لــە مــانگی یــەکی 1983 دا لـــە ناوزەنگــەوە لـەگــەڵ دوو هــەڤاڵی حیزبــی سۆشیالـیستی کوردستانی تورکیا بەرەو پـشتئاشان کەوتینـە ڕێ بـۆ پـەیوەندییکردنیان لـەگەڵ سەرکردایەتی حیزبماندا.

لـەگەڵ هاوڕێ کەریم ئەحمەد دانیشتن ، منیش بەشدار بووم ، ئەو دوو هەڤاڵـە وتیـان: هەڤاڵ کەریم ئەم هێزەی ئێوە لـێرە هێزێکی پەککەوتەیە و شەڕکەر نین ، "ئەبێت" بە زوویی چارەسەرێکی خۆتان بکەن ، ئەمانە هێزێکی بەرگر نین ، نە لـە خۆیان و نە لـە ئێوەش!

جا ئەو دوو برادەرە بۆ وایان وت و هۆی چی بـوو؟ لــە (پـشتئاشان لــە نێـوان ئـازار و بێدەنگییدا) هۆیەکەی باسکراوە.

هـاوڕێ کـەریم وەڵامــی نـەبوو ، بـەڵام دیـاربوو ئـەو کـارە لــە دەسـەڵاتی مەکتـەبی

عەسكەرییدا بوو ، مەكتەبی عەسكەرییشمان وێران و بێ دیسپلین و بێسەروبەر بوو. ئەوەندەی نەخایاند تێبینییەكانیان هاتەدی! ئەمڕۆ بەو "ئەبێت" ـە ئەوترێت "ئەبووایە" سەركردە سیاسی و عەسكەرییەكانمان هۆشیار و چالاك و بە پێی پێویست بوونایە ، "ئەبووایە" ئەو تێبینیانەیان فەرامۆش نەكردایە! "ئەبووایە" سەركردەكانمان لە سەنگەری شەڕدا بوونایە و بارەگایان "بەجێنەهێشتایە" كە هێشتا پێشمەرگە لە گۆڕەپانی شەڕدا "بوو".

ئەمە وەڵامێكی كورتی بۆچی "ئەبووایە" كان بوو ، ئیتر نازانم بۆچی ئەم ئەبووایانەی یەك لەدوای یەك جوتباقیە كردووە؟

# هەڵبژاردنی پشتئاشان

لە لاپەڕە 7 دا ئەڵێت: (جا ئایا ناوچەی پشتئاشان چۆن و بۆچی هەڵبژێردرا كە ببێتە بنكەی سەركردایەتی حزب؟!.).

لە لاپەڕە 7 ی (پشتئاشان لە نێوان ئازار و بێدەنگییدا) بە تێر و تەسەلیی نوسراوە چۆن و بۆچی.

بەڵام ئەو ئەیەوێت بیسەلمێنێت كە پشتئاشان جێگایەكی گونجاو بووە!

زۆر بە دەگمەن ڕێكئەكەوێت كە ڕەخنەگرێك ، ڕەخنە لە نوسینێك بگرێت و بە دوای دۆكیومێنتدا نەگەڕێت! بیەوێت و نەیەوێت گرفتی بۆ پەیدا ئەبێت.

كاك عەبدوڵای مەلا فەرەج (مەلا عەلی) لە نامەكەیدا (بۆ نوسەر) بە مێژووی 21-10-2000 دەربارەی (پشتئاشان لە نێوان ئازار و بێدەنگییدا) ئەڵێت: (بۆ دەستنیشانكردنی پشتئاشان ئەبوسەرباز و ئارا خاچادۆر و مەلاعەلی نەبوون ، هەر وەك لە كتێبەكەدا هاتووە! بەڵكوو مەلا عەلی و ئازاد بەرواریی و كاك موحسین و دوو پێشمەرگەی تر بووین. من ئەندامی مەكتەبی عەسكەریی بووم ، ئەبو سەرباز لەوێ

نـەبوو ، لـەپـاش بینینـی پـشتئاشان بـە ئـەبوعامل و عومـەری مامەشـێخەمان وت ئـەو جێگایە بـە کـەڵکی بارەگـای سـەرکردایەتی نایـەت ، ئـەبوعامل پـێی وتـین ، ئەگـەر حکومەتی بەعس ئەو جێگایەی بە دەستەوە بووایـە ، ئـەیکردە (کولـییـەی ئـەرکان) ! منـیش پـێم وت ئەگـەر پـشتئاشان بکەنـە بارەگـا ئـەوا ئێـوە دەیکەنـە گۆڕسـتانێك بـۆ شیوعیەکان و تاهەتایە ئێوەش بۆ مێژوو بەرپرسیار دەبن ...). هەروەها ئەڵێت : (کـاك فاتیح ڕەسوڵیش ڕەئی وا بوو پشتئاشان جێگایەکی باش نیە...، ئـەوەش ئەنجامەکـەی بوو کە بووە داستانێکی خوێناویی لـە مێژووی تێکۆشانی حیزبـی شـیوعی عیراقـدا...، لـە دواییدا مەکتەبی عەسکەریی نوێیان دانا لـە ئـارا خاچـادۆر و ئەبوعـەواتف و کـاك بەهادین نوری و ئێمەشیان لابرد ، لـەبەرئەوەی لـە ل.م نەبووین ، ئەمانـە هەرسـێکیان زانیـاریی عەسـکەرییان نـەبوو ، ئـارا خاچـادۆر وتـی مـن شـارەزاییم لــە سـەندیکای کرێکاراندا هەیە ، بەڵام فرەم بەسەر عەسکەرییەوە نیە) !

لێرەدا پرسیارێك لـە جەلال ئەکەم: بۆچی تـا ئێـستاش بـە بێئاگـایی داکـۆکیی لــەو هەڵـە پڕ لـە سەرگەردانییە ئەکات و ئـەو گواسـتنەوەیە بـە بیـانووی گوشـاری سوپـای ئێرانەوە بە ڕاست و دروست ئەخەمڵێنێت؟

ئەی بۆچی یەکیەتی نیشتمانیی نـاوزەنگی چـۆڵـنەکرد و لــە شەڕیـشدا بـوون لـەگـەڵ ئێران و بەرەی (جود)دا؟ هەر لـەو سنورە و لـەو ناوچەیەی ئێمەشدا مانەوە؟

ئیتر لـێرەوە هەڵـهاتن بـووە پیـشەمان و بـە باڵامـان بـڕا لــە ناوچـە شـاخاویەکاندا تـا ئەنفالـەکان لـە ساڵـی 1988دا.

## تۆڵـەی شەهیدان !

لـە لاپەڕە 12 دا دەربـارەی ئـەو هـاوڕێ عەرەبانـەی کـە بـە دیلـیـی شـەهید کـران ، ئەڵێت : (ڕووداوەکانیش سەلماندیان کە زۆربەیان نەترسانەو تـا دوا فیـشەك شـەڕیان

کردبوو، هەندێکیشیان شەهید کران).

مەبەستی لەم (ئەترۆحە)یەی ئەوەیە کە ئەیەوێت شەرعیەت بدات بە یەکیەتی کە ئەو شیوعیانە بە دیلیی نەکوژراون ، بەڵکوو لە شەڕدا کوژراون!

ئەمە لە خۆیدا تاوانە بە واقیعیەتی ئەو ڕووداوانە و پاکانەیەکی خەستوخۆڵە بۆ (ینك) و درێغییش لە خوێنی ئەو شەهیدانە!

ئەو لەو ڕووداوەدا نەبووە و بێئاگایە! ئەبێت بۆ چ مەبەستێك تفەنگ بە تاریکییەوە بنێت و بۆ چ بەرژەوەندێك فتوای وا بدات؟

بۆ زانیاریی .. زۆربەی زۆری ئەو هاوڕێیانەمان لە بەرگریی لە شەڕەکاندا شەهید نەبوون ، بەڵکوو بە دیلێتی کەوتنە دەست چەکدارەکانی یەکیەتی نیشتمانیی و یەکەیەکە و بە کۆمەڵ ئەیانکوشتن!

# ئەمڕۆ زەماوەند ئەگێڕین

کاك فازیل کەریم ئەحمەد (جەعفەر) ، لە چیرۆکی (ئەمڕۆ زەماوەند ئەگێڕین)دا ئەڵێت: ((شێرۆ) یەکەیەکە بە دەستی خۆی دیلەکانی دەکوشت).[3]

ئەم بەڕێزە لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بووە و خۆی لە ناویشیاندا بووە ، لەو چیرۆکە واقیعییەدا ئەڵێت: (دیلە شیوعیەکان ، دەیانگوت ئێمە تازە گەیشتوین و چەکمان پێ نەدراوە و لە شەڕیشدا بە دیل نەگیراوین ، ئیتر بۆ بە ناهەق ئەمان کوژن!؟...، (شێرۆ) بەو وەڵامەیان قایل نەبوو ، پێی ئەوتن هەر لەبەرئەوە ئەتان کوژم چونکە ئێوە هاتونەتە خاکی ئێمەوە ، لەگەڵ هاژەی دەستڕێژی گولە ، دیوار و ئەردی ژورەکە سوور هەڵگەڕا بە خوێنیان).[4]

ئەبوسەربازیش ئەڵێت: (ئەو پێشمەرگانەی لە پشت ئاشاندا هەمانە (جگە لە هاوڕێیانی پشدەرو تاك و تەرای تر) هێزی شەڕکەر نین و زۆربەیان تازە لە دەرەوە

هاتوون بۆ پێشمەرگایەتی ، شارەزای ناوچەکەنین...).[5]

ئەم دانپیادانانەی ئەبوسەرباز گەورەترین هەڵـەی مەکتەبی عەسکەریی ئاشکرا ئەکات لـە نەشارەزایی و ڕانەهێنانی پێشمەرگە لـە بەرگریی لـە خۆیان و لـە هێرشی دوژمن. ئیتر بە کـام لـۆجیکـەوە بـە پێـچەوانەی ڕای هـەموو ئەوانـەی لــە پـشتئاشان بـوون ئەڵێت: ( ڕووداوەکانیش سەلماندیان کە زۆربەیان نەترسانەو تـا دوا فیـشەك شـەڕیان کردبوو..) !

هەروەها لـە لاپەڕە 9 دا ئەڵێت: (خـەڵکی گـەلێك لــە گونـدەکانی ئـەو ناوچـەیەو نزیکی، سەر بەحزبن و ئێستا لـە ئۆردوگا زۆرەملێکان دەژین و، ئەگـەر بـزانن هێـزی حزب لـە ناوچەکەدایە دوور نییە زۆریان بگەڕێنەوە).

ئاخۆ بەو بێئاگاییەی خۆیـەوە باسـی چ سـەردەمێك ئـەکات! ئـەو کاتـەی بارەگـای حیزب لـە پشتئاشان و قەڕناقاو و ئاشقوڵکە بوو ، تاکە دۆستێکمان لـەوێ نەبوو ، ئـەو چەند ماڵـەی کە تا ئەو کاتەش لـەوێ بوون ، سەر بە یەکیەتی و پیاوی بەعس بوون. ئەوانە زۆر ئازاریان داین ، ڕۆژانە دەنگوباسی ئێمەیان ئەگەیاندە دوژمن ، یەکێك لــە هۆیە سەرەکییەکانی تێکشکاندنەکەمان بێجەماوەرییمان بـوو! دوژمـن زانیارییـەکی زۆری هەبوو لـەسەرمان لـە پشتئاشاندا.

بێکـەس بـووین ، شـارەزای ناوچـەکە نـەبووین ، کەسـانێك هـەن نایانـەوێت ئـەم ڕاستییانە بۆ نەوەکانمان بدرکێنین.

ئەمـە بەسـەرهاتمان بـووە و بـەبێ ڕتـوش و ئـەبێت بـە ئەمانەتیـشەوە بینوسـین و ڕایبگەیەنین ، بۆ ئەوەی لـە داهاتوودا کەڵکی لـێوەربگرین.

# ڕێــگەونە !

لـە لاپەڕە 13 دا ئەڵێت: (...دەمێك بوو ئەرکی مەفرەزەکە تەواو ببوو. ئەبوو شوان–

یش خۆی هەر لە ڕێکخراوی حزبیی هەرێم کاری دەکردو، ئەو کاتە بۆ ڕێگەونەی ئەرکی مەفرەزەکەو، بۆ پەیوەندی لەگەڵ سەرکردایەتیی یەکێتی لە نۆکان مابۆوەو، کاتی بانگ کردنەوەی درەنگ بوو، وەك گوترا ئەرکی مەفرەزەکە کۆتایی هاتبوو،..).

ناوبراو ڕاست ناکات ، هەرچەندە من ئەندامی هەرێم بووم ، بەڵام لە مێژ بوو لە ڕێکخراوی هەرێم کارم نەئەکرد ، ئەمەش ئەرکەکانم بوو:

1 ـ پەیوەندییم بە م.س ـەوە هەبوو ، لەوەوپێشیش لێپرسراوی بەشی چاپەمەنی (ل.م) بووم.

2 ـ سەرپەرشتکاری عەسکەریی لقی پشدەر بووم ، بارەگاکەیان لە سونێ و ڕەزگە بوو.

3 ـ لێپرسراوی ئەو لقە عەسکەرییە بووم کە لە نۆکان بوو ، پەیوەندیی ڕۆژانەم هەبوو لەگەڵ م.س لە ڕێگای (بێسیمی یەکیەتییەوە!) بە شیفرەی تایبەتیی حیزبمان و ئەرکەکانمان کەم نەبوو.

4 ـ نوێنەری حیزب بووم لە پەیوەندیی ڕۆژانە لەگەڵ سەرکردایەتی یەکیەتی لە ناوزەنگ.

5 ـ بارەگاکەمان بنکەیەك بوو بۆ هاتوچۆی پێشمەرگە و پۆست و کڕینی کەلوپەل و دەرمان و تەقەمەنی و گۆڕینەوەی پارە لە بازاڕی قاسمەڕەش.

ئێمە لەوانە زیادتر هیچ ئەرکێکی نهێنی ترمان لە حیزبەوە پێنەسپێرا بوو! بەڵام ئەو ئەیەوێت گومان پەیدابکات لای لایەنەکان و خوێنەر و هیچی تر و بە قەڵبیی لەو ئەرکانەی ئێمە تێگەیشتووە و ئەیەوێت وای پێشانبدات کە ئێمە بە پلان و بەرنامەیەکی خۆئامادەکاریی و (جاسوسیی) بەسەر یەکیەتییەوە لەوێ مابووینەوە! ئەوەش دورە لە ڕاستییەوە.

ئاخۆ ئەبێت کڕینی خواردەمەنی چ نهێنییەکی تیادابێت؟ بۆ نموونە ، برادەرێکمان کڕیاری بنکەکەمان بوو ، ڕۆژێك وڵاخێکی بارکردووە و لە بازاڕی قاسمەڕەشەوە

دێتەوە بەرەو بنکە ، لە ڕێگا پێشمەرگە لێی ئەپرسن هاوڕێ .. بارەکەت چییە؟..
ئەڵێت حیزب ئەیزانێت!.. ئەوانیش پێی ئەڵێن خوات بێ ئەوەتا پەتاتەکان
یەکەیەکە ئەکەونە خوارێ!

بەڵێ .. برالەش لە دوای ئەو هەموو ساڵەشەوە ، هێشتا هەر وەك ئەو هاوڕێیە
بیرئەکاتەوە! وا پێشانئەدات کە گوایە ئەو لە دەرەوەی ولاتیش بووە و ئاگاداریش
بووە لە ئەرك و هەڵسوکەوتی ئەو مەفرەزەیەمان لە نۆکان!

باوەڕناکەم سکرتێری گشتیی حیزبیش ئەوە بە خۆی ڕەوا ببینێت ، بێ ئەوەی لەوێ
بووبێت و بە بێ دیارییکردنی سەرچاوەی هەواڵ ، فتوای وا بدات.

پەیوەندیی بەرەیی لەگەڵ یەکیەتی نیشتمانیی (لە 6 ی شوباتی1983 دا) ، لەو
ڕۆژانەدا کۆتایی پێ نەهاتبوو ، کشانەوەمان لە نۆکان بەو کتوپڕییە بە بڕیاری
مەکتەبی عەسکەریی بوو ، لە (پشتئاشان لەنێوان ئازار و بێدەنگییدا) لە لاپەڕە
13دا باسکراوە.

هەروەها ئەبوسەرباز ئەڵێت: (پێشتریش کە لە هەولێر هێرش کرایە سەر
مەڵبەندەکەی یەکێتی ، ئێمە هاوڕێ (ابو شوان) و (سەید باقی)مان ئاگادار کردەوە،
کە بنکەکەی نۆکان داخەن و زوو خۆیان بگەیننە پشتئاشان و لە کاتی خۆیدا
گەیشتن).[6]

ئەمە باسی ئەو نامەیەی ئەبوفاروقە بۆ قادر ڕەشید و باسی هۆی ئەو کشانەوەیەمان
ئەکات بەو بەپەلەیی و نهێنییە کە پەیوەندیی بەو پەلامارەی (جود)ەوە هەبوو ،
هێزەکانی حیزبیش لەگەڵیان بوون بۆ پەلاماردانی یەکیەتی لە بالیسان.

هەروەها ئەبوسەرباز ئەڵێت: ( بالیسان نەشگیرابایە یەکێتی هێرشەکەی پشت
ئاشانی هەر دەکرد. بەڵام ئەگەر بالیسان نەگیرابایە ، ئەوا نەوشیروان و هێزەکەی
یەکەم جار دەچوونە ئەوێ و هێرشەکەی پشتئاشان ڕەنگە چەند ڕۆژێك
دواخرابایە).[7]

ئەبووایە ئەبومەحمود ئەم دۆکیومێنتانەی بخوێندایەتەوە. لە لایەك سوپاسی کۆمەکی ئەبوسەرباز ئەکات و لەلایەکی تر بە پێچەوانەی نوسینەکانی ئەوەوە ملی ناوە.

دڵنیام سەریان لێشێواندووە! لە پشتئاشان هاورێ عومەر وتی بۆیە داوامان لێکردن کە بەپەلە نۆکان چۆڵ بکەن ، بۆ ئەوەی یەکیەتی لە ناکاوێکدا پەلامارتان نەدەن و بتانگرن.

کاتێکیش کە بە دیلیی ، ئێمە (هاورێ کەریم ئەحمەد ، ئەبوسەرباز و قادر ڕەشید)یان هێنا بۆ ناوزەنگ ، مام جەلال لەگەڵمان دانیشت ، ڕووی کردە هاورێ کەریم و وتی (مامۆستا کەریم ، ئێوە واتان ئەزانی ئێمە لێرە لە تۆڵەی هێرشەکەتان لەگەڵ هێزەکانی بەرەی جود بۆ لێدانی هێزەکانی ئێمە لە بالیسان ، لە کاتێکدا هەردوو لامان لە بەرەیەکی دوو قۆڵییدا بووین ، قادر ڕەشیدمان ئەگرت! ئێمە کاتێك کە زانیمان خۆی و برادەرەکانی بە نهێنی ناوچەکەیان چۆڵکرد ، ئیتر وامان دانا ئێوە هێرش ئەکەنە سەرمان!).

ئەگەر کەسێك خۆی لەناو ڕووداوەکاندا نەبوو بێت ، باشتر وایە کە خۆی لەو بوارە نەدات ، یان ئەو برادەرانەی کۆمەکیان کردووە! وەك خۆی باسی کردوون و سوپاسیشیان ئەکات و لە ڕووداوەکانیشدا بوون ، ئەبووایە ئەوان خۆیان لەو بارەیەوە دەستپێشخەرییان بکردایە.

لە لاپەڕە 14دا ئەڵێت:(... ئایا لە پای چی ئەو تاوانە گەورەیە دەخاتە سەر حزب؟ ئایا حزب دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ یەکێتی تێکدا یان بە پێچەوانەوە؟! کێ هێرشی بردە سەر پشتئاشان و کێ رای کرد بۆ وتووێژو ڕێککەوتن لەگەڵ ڕژێم؟!).

وەڵامی ئەم پرسیارانە لە کتێبەکەی پشتئاشان ، لاپەڕە 30 دا هەیە ، بەڵام دیارە بازیداوە بە سەریدا ، ئەبوسەرباز ئەڵێت: (ڕۆژی 28ی نیسان هاورێ (ابو حکمت)

بروسکەیەکی تری بۆ ناردین و نووسیبووی: برادەرانــی (جـود) ســێ قـۆڵـی سـبەینێ پەلاماری (ینك) دەدەن ، ئێمـە چ بکـەین؟ بەشـداربین یـا نـەء ؟ وەڵامـمـان بدەنـەوە. ئێمەش وەڵاممان دانەوە کـە خۆتـان سـەرکردایەتی مەڵبەنـدی هـەولـێر بڕیاربـدەن و کارەکە لای خۆتانە. شەوی 29/28 نیسان 1983 هێزەکانی جود پـەلاماری بارەگـای (ینك) یان داو بە ئاسانی دەستیان بەسەر مەڵبەندی بالیساندا گرت.)[8]

ئایا ئەم هەڵوێـستە هاوسـەنگ بـوو لـەگـەڵ ئـەو پـەیوەندییە دوو قۆڵییـەی لـەگـەڵ یەکیەتی نیشتمانییدا هەبوو؟ ئایا ئەمە هەڵـەیەکی سیاسی و عەسکەریی نەبوو؟ کێن ئەوانەی بەرپرسیارن؟ ئەم گۆڕانکارییە کتوپڕییە لـە سیاسـەتی حیزبـدا! هـۆی چـی بوو؟ تۆ بڵێی لـە ئەنجامی گوشاری بەرەی (جـود)ەوە نـەبووبێت! یـان سەرکێـشیی کادێری عەسکەریی حزب نەبووبێت!

بۆ ئەوەی لـەژێر گوشـاری ئـەم لایـەن و ئـەو لایـەن ، ئـەم کـادێری سـەرەڕۆ و ئـەو کـادێری خۆبەدەسـتەوەدەر ڕزگارمـان ببێـت ، ئـەبێت پیاداچـوونەوە و هەڵـوێـست هەبێت.

من تا ئەمڕۆ ئەنـدامێکی 52 سـاڵـی تەمـەنی حیزبـی شـیوعیم ، تـاوانم بەرامبـەر بـە حیزبەکەم نەکردووە ، لـە کتێبەکەمدا زۆر بە ڕونیی داکـۆکییم لــە حیـزب کـردووە ، ڕەخنەکانی من هەڵـە و کەمترخەمیی چەند لـێپرسراوێك ئەگرێتەوە و ئەویش بە کفـر نازانم.

لـە شەڕی نێوان حیزب و یەکیەتیدا زیـادتر لــە نـەوەد هاوڕێمـان بـە فیـڕۆ شـەهید بوون! ئەبێت بە مەوزوعییانە و بە هاوبەشیی قاعیدەی حیزب دەستنیـشانی هـەموو هۆکارەکانی ئەو مەرگەساتانە بکرێت! نەك بە خەیاڵـی یەك دوو سەرکردە و کادێر و بەس! کەسی تریش بۆی نەبێت ناوی ئەو ڕۆژگارانە ببـات ، نـە بـە چـاك و نـە بـە خراپ!

ئـەم هاتوهـاوارەی ئـەو بـۆ حوسـەینە! یـان بـۆ هەریـسەکە؟ یـان بـۆ ئـەو چـەند

برادەرەیەتی کە پڕپشکی ئەو باسە هەڵی پڕوسکاندوون و ئـەمیش خـۆی کـردووە بـە سورەی بەر لـەشکر و مقاشی دەستیان و بـە پەرۆشـەوەیە کـە دەربازیـان بکـات لـەو بەرپرسیارییەیان لـەو کارەساتانەدا کە توشی حیزبیان کرد.

ئەوانی کردووە بە حیزب و مێژوو ، خۆشی کردووە بە زمانحاڵیان و ئەهلی کوتـەك ، شمشێر و پۆلیسی حیزب و بەڵکوو بەرژەوەندەکانی خۆی پێیان بهێنێتە دی.

# نکۆڵیی

لـە لاپەڕە 15دا هەر وەك هەنگی لـە داردا دۆزیبێتەوە ، ئەڵێت: (...ئەمـەش راسـت نیەو، هاوڕێ عەشتار شەهید نەکراوە).

سەیرە .. من لـە کتێبەکەمدا لـێم تێکچووە و بە هەڵـە ناوی ئەو خوشکەم نوسـیوە و بە شەهیدم داناوە ، بـەڵام برالــە هەڵـەکـە ڕاسـت ناکاتـەوە و ناڵێـت ئـەو نـەبووە و یەکێکی تر بووە! بەڵکوو هەر نکـۆڵیی لــە شـەهید بوونەکـەش ئـەکات و بـۆ هـەر مەبەستێك بێت ناڵێت ئەو خوشکە شـەهیدە (عەمیـدە عزبـی حـالوب – ئـەحلام) بوو؟

ئەیەوێت ئەوە بپۆشێت کە خوشکانمان بە دیلـیی و زیندوویی گوللــەباران کـراون و پەنجەیان بڕاوەتەوە لـەپێناوی دزینی ئەڵقەی پەنجەکانیاندا!

# کۆیلـە

دەربارەی کارەساتەکانی گوندی کۆیلـە لـە لاپەڕە 16دا وەك گاڵتەجارییەك ئەڵێت: (... ئەم هەڕەشەیەی کردووەو هیچیشی نەکردووە تەنیا وریا کردنەوەی ئەوانە نـەبێ و دەرخستنی ئامانجی ڕۆیشتنەکەیان نـەبێ! هـیچ نەکردنەکەشـی دەخاتـە ئەسـتۆی

ئەبوو سەرباز...).

براله بەم نوسینەی ئەبوسەربازیشی شەرمەزار کردووە! ئەبوسەرباز ئەڵێت: (هەر له سەرەتادا کە گەیشتینە دێیەکە خدر ناوێکمان لای مزگەوتەکە تووش بوو پاشان دەرکەوت کە کادری (ینك) بوو. هاتە لامان و ئەویش وەك ژنەکان هەندێ قسەی پێ وتین. (ابو شوان) زۆر بە توندی وەڵامی دایەوە. من وام دەزانی کابرا بێعەقڵە و لەنەزانینی خۆی ئەو قسانە دەکات. بە (ابو شوان)م گووت وازی لێبێنە و هەندێك دڵی کاك خدرم دایەوە ، پاشان کاك خدر هەوڵی لەگەڵدا دام بچمەماڵیان و چایەك بخۆمەوە ... لەو ژورەی دانیشتبووم وێنەیەکی (ئیبراهیم عەزۆ)یان هەڵواسیبوو ئیتر من لەوە دڵنیا بوم کە ئەمانە سەر بە یەکێتین).[9]

با لێرەدا بەس بێت بۆ وەڵامی جەلال دەباغ ، ئەگەر ئەمەی بخوێندایەتەوە لەوانەیە شەرمی لە خۆی بکردایە کە ئەو تۆمەت و بوهتانانەی بخستایەتە پاڵ منی هاورێیەوە ، یان وا دیارە کە ئەیەوێت بە ناوی رەخنەگرتنەوە لە من ، هاورێ ئەبوسەربازیش بە درۆبخاتەوە!

من لەو کۆڕەوەی ئەو 72 پێشمەرگەیەدا "هیچ" بەدەست بووم! بەرپرسیارییم نەبوو ، ئەو هەڵوێستانەی من لە کۆیلە و غەیری کۆیلە ، لە کۆبوونەوەکەی ل.م کە لە رۆژی 24-5-1983 دا گیرا ، بە تەقدیرەوە باسکرا.

هاورێ کەریم ئەحمەد لەو کۆبوونەوەیەدا وەڵامی ئەو برادەرە ئەداتەوە کە پەرۆشی ئەوە بووە تۆڵەی خۆی بسەنێتەوە (کە لە گوندی راژان پێی کراوە) و ئەڵێت: (هاورێ قادر رێنما بووە و ئەو هاورێیانەی بە کوشتداوە ، ئەبێت سزابدرێ!) ، بەڵام هاورێ کەریم ئەڵێت: (هاورێ قادر رێنمامان نەبوو ، ئەگەر بە قسەی ئەومان بکردایە ئێمە ئەو شەهیدانەمان نەئەدا و وامان بەسەر نەئەهات و بە دیلیی نەئەکەوتینە دەستی چەکدارەکانی (ینك) ، "ئەبووایە" ئێمە بە قسەی ئەومان بکردایە)!

بەڵێ .. ئەگەر ڕەخنەگرێك بە تەكلیفی كەسانی تر ڕەخنە بگرێت! ئەوا لەوە باشتر نانوسێت و ناڵێت!

ئێمە لەو كۆڕەوەدا هیچ ئامانجێكی نهێنیمان نەبوو تا من ئاشكرام كردبێت ، كێ هەبوو لەو ناوچەیەدا ئەوە نەزانێت كە ئێمە هەڕامانكردبوو ، پشتئاشان و شەڕمان بەجێهێشتبوو ، پەرتەوازە بووبووین! خۆ ئەوانە زۆریان ماون و لە سەروو هەموویانەوە هاوڕێ كەریم ئەحمەد و ئەبوسەرباز ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بوهتان و تۆمەتە ناڕەوایانەی بە ناهەق خستووەتە پاڵم.

چۆن ئەبێت ڕۆشنبیر ئەوەندە نائەمین بێت؟ ئەبێت و مەرجە سەرچاوەی ئەم هەواڵانەی دیارییبكات و لە كوێ و لە كێوە وەریگرتوون؟ بۆ ئەوەی خەڵك بتوانێت حوكمی خۆی بدات.

بێدەنگیی ئازاری شیوعیەكان ئەدات ، چونكە شیوعیەكان ناسراون بە زمان و قەڵەم خاوێن.

ناوبراو دەربارەی ڕزگاربوونی هاوڕێ محەمەد ڕەسوڵ لە لاپەڕە 16دا ئەڵێت: (ئەی ئەو چۆن توانی بگات؟!.).

نازانم بۆ ناپرسێت هاوڕێ كەریم و ئەبوسەرباز و ئەو 42 هاوڕێیەی گرتووخانەكەی وەرتێ ، چۆن و بۆچی نەگەیشتنە سێڵوێ؟

ئەو هاوڕێ دیلانە چۆن نەگەیشتن و كوژران؟

كێ بەرپرسیارە لە شەهیدبوونیان؟

مرۆڤی ڕۆشنبیر ، ڕاستگۆ و لێكۆڵەر ، ئەبێت لە پێشدا ئەو پرسیارانە بكات!

ئایا ئەكرێت لێی بپرسرێت تۆ لە ئێران گیرایت و پاسداران زانییان تۆ شیوعیت ، خۆشت ئەو گرتنەت نەخستووەتەڕوو بۆ خوێنەران وەك گرتنەكانی كەریم ئەحمەد و ئەبوسەرباز و قادر ڕەشید و ئەوانی تر ، ئەی بۆچی گیرایت و وەك ئەوانی تر دەرباز نەبوویت؟ یان داوا لە (پدك) بكرێت كە چۆن ڕزگارت بوو؟ چونكە تۆ بە (بەرگی

عبور)ی ئەوانەوە گیرایت! ئەی چۆن بەربوویت؟
لــە کـۆنگرەی پـێنجەمدا ئـەم پرسـیاری گرتنـەی باسـکرا ، ئـەویش وەك (پـوختەی بڕیار)ی پشتئاشان خرایە ئەرشیڤی لاپەڕە ئەوەندەوە! ئەی بۆچی هەڵوێست ئاشکرا نەکرا؟

## شارەزایی!

لە لاپەڕە 17دا ئـەڵێت: (لــە بـارەی 300 هـاوڕێ کـە لــە پـشتئاشان بـوون دەڵــێ: ((تێکڕا بەسەرکردەو قەواعیدیشەوە هیچ شارەزاییەکیان لەسەر ناوچەکەیان نـەبوو..)) ئەمەش دیسانەوە لە ڕاستییەوە دوورە).
بڕوانــە کتێبەکــەی ئەبوســەرباز ، لــە ڕاسـتییدا کەسـێك نیـە لــەو 300 هاوڕێیـە ئـەو ڕاستییە نەزانێت!
وتمـان لــەم بارەیــەوە هیـچت نەخوێندووەتــەوە ، لــە ژیانیـشتدا لەسـەر نەخـشەش پشتئاشانت نەدیوە ، ئەی نەئەبوو پرسێکت بکردایە لـە یەکێك لـەوانەی کە لـە ژیانـدا ماون ، بۆ ئەوەی نەوترێت جەلال دەباغ بە قۆنتەرات ڕەخنە ئەگرێت!
پەلـەی نەکردایە ، بیزانیایە ئەوەی من نوسیومە ڕاستە یان نا! ئەوسا ڕەخنەی لـە مـن بگرتایــە! پـێموایە باشـتر بـوو کتێبەکــەی ئەبوســەربازی بخوێندایەتــەوە کــە باسـی نەشـارەزایی خۆیـان ئـەکات لــە ناوچــەکەدا ، لـەگـەڵ ئەوەشـدا کـە خۆشـی ئەنـدامی مەکتەبی عەسکەریی بووە ، بەڵام شارەزای ناوچەکەش نەبووە!
ئەبوسـەرباز زۆر بـە ئەمانەتـەوە لــە بیرەوەرییەکانیـدا ئـەڵێت: (...کـە لــە بارەگـا دەرچووین و گەیشتینە نزیك ماڵی (حاجی محەمەد) لە کوڕەکەیم پرسـی باوکـت لــە

ماڵە گوتی بەڵێ. ویستم بچمە لای و هەواڵی ڕێگاکانی کوێستانی شاخی قەندیلی لێ بپرسم ، بەڵام پێم شەرم بوو ... ، ئەو شەرم و پشت بە خۆبەستنەی من کارێکی چەوت بوو لە شوێنی خۆیدا نەبوو ، هەر بە هۆی ئەو هەڵەیەشەوە بوو تووشی کارەساتی بە دیل گرتنەکە بووین لەلایەن چەکدارەکانی (ینك)ـەوە گیراین). [10]

هەروەها (...یەکێتی گەلە کۆمەکی کردووە و هەرچی هێزی شەڕکەری هەیە کۆی کردووەتەوە و بواری ئەوەش هەیە هێزی تریان بۆ بێت و ژمارەیەکی زۆریش لە پێشمەرگەکانی خەڵکی ئەم ناوچانەن ، بە پێچەوانەی ئێمەوە کە زۆربەی هاوڕێیانمان لە پشت ئاشان عەرەب و نابەڵەدن.). [11]

پێموایە ئەمەش لێرەدا بەس بێت بۆ وەڵامی پرسیارەکەی هاوڕێ (شێرلۆك) دەباغ! ئەبێت ئەویش وەك هاوڕێ ئەبوسەرباز ئاوا بە ڕاستگۆییەوە ، بوێرانە دادگایی خۆی بکات و بە ویژدانەوە دان بە بێسەروبەریی و بێئاگایی خۆیدا بنێت لە کارەساتەکانی پشتئاشاندا.

بەڵێ لەو 300 کەسە تاکە کەسێکمان شارەزای دەوروبەری بارەگاکەمان لە پشتئاشان نەبووین! کێن ئەوانەی بەرپرسیارن لەو نەشارەزاییەی ئەو خەڵکە؟ ئایا ئەمە گەورەترین ناتەواویی نیە لە خەباتی پارتیزانییدا؟

## تەعین

لە لاپەڕە 17دا لەسەر ئەوەی من نوسیومە کە بە درێژایی ئەو چەند ساڵەی لە شاخ بووین هەڵبژاردن لە بواری سیاسی و عەسکەرییدا نەبووە ، هەر لە ڕێگای تەعینەوەبووە ، ئەڵێت : (...کە ئەمە شتێکی ئاساییە بۆ بەرپرسانی عەسکەری، نەك سیاسی کە دەبێ بە هەڵبژاردن بێ).

ئەمە لە خۆیدا وەڵام نیە! ئەبووایە بیپرسیایە هەڵبژاردن بووە یان نا؟ چۆن و لە

کویّ؟

هەڵبژاردنی بەرپرسیارانی سیاسیش بە هەڵبژاردن نەبووە! کـام سـکرتێری ڕێکخـراوی هـەرێم بـە هەڵبـژاردن بـووە؟ کـام بەرپرسـیاری سیاسـی ، ڕێکخـراوی عەسـکەریی ، سکرتێری محەلیەکانی شارەکان بـە هەڵبـژاردن بـووە لـەو 10 سـاڵـەدا کـە لـە چـیا بووین؟

مـن بـە تـەعین ، کـرام بـە سـکرتێری محەلــی کـەرکوك و نێـررام بـۆ گـەرمیان تـا ئەنفالـەکەی بەهاری 1988 ، بەبێ ئەوەی کە ڕۆژێك لـە ڕۆژان لـەوەوپێش کـارم لـەو ڕێکخراوەدا کردبێت!

بۆ یەکەم جار لـە کەرەجاڵ بۆ لـێپرسراوی سیاسـی بـەتالـیۆنی نۆیـەمی مەڵبەنـدی سلێمانی و کەرکوك هەڵبژاردن کرا ، ئەویش کاك بەهادین نـوری ئـەو کـارەی کـرد! ئەوە یەکەم جار و دوا جار بـوو! بـۆ ئـەو کـارەش بەربەرەکانییـەکی زۆریـان کـرد و ئەوەش شتێك نیـە بـشاررێتەوە. کـەمیش نـەبوون ئەوانـەی کـە ئەیانویـست دانـانی بەرپرسەکان هەر بە تەعینکردن بێت!

# ئـاگر بـەست

ناوبراو زۆر ئەمسەر و ئەوسەر ئەکات و هەوڵئەدات ، بەڵام نازانێت بـە چ شـێوەیەك پەیمانی ئاگربەستەکەی نێوان هاوڕێ کەریم ئەحمەد و مام جـەلال تاوانبـار و ڕیـسوا بکات! بەڵام ناوی مۆرکردنی ئیتفاقییـەی دێوانـە لــە نێـوان کـاك بـەهادین و مـەلا بەختیاردا ناهێنێت؟ هەرچەندە ئەو پەیمانەش لــەو ڕۆژەدا زۆر ئـازاری حیزبـی دا! کەچی خۆی لـە قەرەی ئەو جۆرە کەسانە نەداوە؟

لـەو کاتەدا ئەگەر خۆی بە ماڵ و مناڵـیەوە لـە وەرتێ دیلـی گرتووخانـەی تەویلـەی وڵاخ بوونایە! ئەگەر لــەناو ئـەو خوێنڕشـتنەدا بوونایـە و لــەناو ئـەو پەشـۆکاویی و

بێسەروبەرییەی سەرکردایەتیدا بووایە ، ئەگەر چاوی ئەو زیانە پڕ لە سەرگەردانییە ماڵیی و گیانییەی ببینیایە! ئەوا وەك مامۆستایەك كە ئامۆژگاریی منالێك بكات!

لە لاپەڕە 18دا نەیئەوت: (هاوڕێ كەریم خۆیشی زۆر چاك لەم راستییە گەیشتووە. بۆیە لەپێش هاوڕێیاندا، ئازایانە، دانی بە هەڵەكەی خۆیدا ناوە و رەخنەی لە خۆی گرتووە).

كێ ئەڵێت ئەگەر ئەو ئاگربەستە نەكرایە و ژمارەی شەهیدانمان ببووایە بە دوو سێ ئەوەندە ، بەلای ئەمەوە هەر وەك ئێستا نەئەبوو؟ یان كێ ئەڵێت ئەگەر خۆی بووایە لە جێی هاوڕێ كەریم ئەحمەد ، ئەوا چواردە جار بەیانی ئاگربەستی مۆرنەكردایە!

من لە سەرێكیشەوە حەقی ئەدەمێ ، چونكە ناكرێت هەستی كەسێك كە لە گۆڕەپانی شەڕدا بە بەرچاویەوە ئەبومەكسیمی دۆست و هاوڕێی و هاوڕێكانی تری گوللەباران بكرێن! یان گۆڕ بۆ شەهیدێك هەڵبكەنێت و لە تەویلەی وڵاخدا بەند بێت ، بەراورد بكرێت لەگەڵ هەستی كەسێك كە لە دەرەوەی وڵات لە وشك بخەوێت و لە تەڕ بنۆشێت!

ئایا ئەشێت سۆز و هەست و ئاگا و بیریان وەك یەك هاوسەنگ بێت؟ من بەشبەحاڵی خۆم بڕواناكەم!

ئەشێت بیەوێت ئەو شانۆگەرییەی سێڵوێ بسەلمێنێت كە هاوڕێ كەریم لابرا و هاوڕێ عومەری مامەشێخە لە جێی دانرا ، بە ڕاست و دروستیشی لە قەڵەم بدات!

ئەو گۆڕانكارییە ئەوەندەی تر ماڵی حیزبی وێران و سەرگەردانتر كرد كە تا ئەمڕۆش شوێنەواری لەبەر چاوە و پێوەی ئەناڵێنین!

## بەڵگە

لە لاپەڕە 20 دا ئەڵێت: (ئەی كوا تاقە بەڵگەیەكی كە ناوبراو ڕق و كینەی بەو

جۆره بووبێ‌و، به نیازی (تۆڵـه) دوای هاوڕێیەك کەوتبێ؟..).
ئەگەر وەڵامی بدەمەوە ئەبێت بـه دەیـان لاپـەڕە لـەسـەر خۆشـی ڕەشبکەمەوە! ئـەو نامیلـکەیــەی کــە ئــەو بڵاویکردووەتــەوە ، هــەر خــۆی لــە خۆیــدا بــە تــەکلیفی (ناوبراوەکەیە!) ، ئەمە لـە خۆیدا بەردەوامیی تۆڵـەیە!
ئایا نامیلـکەکەی ئەو ، ڕەخنە و لـێدوانە لـە ڕووداوێـك (کـە خـۆی تیایـدا نـەبووە)!
یان هێرش و پەلامار و تۆقاندنە؟
ئایــا ئەمــــە ئاوەدانکردنــــەوەی مــــاڵی حیزبــــە ، یــــان وێرانکــــردن و هــــاڕینی سەرکۆزەرەکەشـیەتی؟ و هانـدانی یـەکترە بـۆ ئاشـکراکردنی سـەدان کێـشەی ورد و درشتی حیزب؟
بە هەر حاڵ من هێشتا بـاوەڕێکی زۆرم بـە حیزبەکـەم هەیـە و نەگەیـشتوومەتە ئـەو ئاستە کە لـەپێناوی هەڵــەی چـەند کەسێکدا مـاڵی حیـزب کـاول بکـەم و بکەومـە شەڕەدەنوك لـەگەڵ ئەم و ئەو.
نە تەمەنم و نە ڕادەی ڕۆشنبیرییشم لـەو ئاستە نزمەدا نیە!
من تا بتوانم بە شـێوەیەکی زانـستییانە هەڵــەکان بـاس ئەکـەم کـە لــە بەرژەوەنـدی گشتییدایە و بە قازانج ئەگەڕێتەوە بۆ حیزب و جوڵانەوەکەمان.

# بێهەڵوێستیی

لـە لاپەڕە 18دا ناوبراو باسـی کـۆنگرەی 6 ئـەکات لــە سـەر تێکـشکانی پـشتئاشانی دووەم و ئەڵێت: (...لـە بواری عەسکەرییەوە ئەوە دەرکەوت کـە شـوێنی پـشتئاشان کــون و کەلـەبــەری عەســکەریی تێــدابوو، هــەروا لاوازی هــەبوو لـــە جووڵانــدنی مەڵبەنـدەکان و کۆکردنـەوەی هێزەکانیـان لــە کـاتی پێویـستدا. لــە پێـشبینییەکی هەڵـەشەدا دوای شەڕی پشتئاشانی یەکەم ، پێشمەرگەکان چوونە ناوەنـدی کاروبـاری

عەسکەری دیکەوە کە هیچ بیانووی نەبوو، بە بەشداری لەگەڵ هاوپەیمانەکانی (جود)دا ـ بەتایبەتی لەگەڵ پدك ـ کە بووە مایەی زیانی دیکەی مرۆییو مەعنەوی، ئەمەش لە شەڕەکانی پشتئاشانی دووەمدا هەر لە هاوینی ئەو ساڵەدا، 1983).

ئەم لێدوانە لە کارەساتەکان لە کۆنگرەی شەشدا ، بەبێ هەڵوێست لە بەرپرسیاران کۆتایی پێ ئەهێنرێت و ئەخرێتە ئەرشیڤەوە!

من لەپێش 16 ساڵدا لەپێش دۆڕاندنی پشتئاشانی دووەم و شەڕی بەردەوامی 3 ساڵی دواتریشدا ، ئەم قسانەی کۆنگرەی شەشەمم بەو دەقە بە بەرپرسیاری عەسکەریی وتووە و زۆریش ئازاردراوم لە سەری و تا ئەمڕۆش لەو نامیلکەیەی جەلالدا ڕەنگیداوەتەوە!

لەپێش کۆنگرەی شەشدا ، لە کتێبی (پشتئاشان لەنێوان ئازار و بێدەنگییدا) هەر بەو دەقە داوای هەڵسەنگاندن و هەڵوێست کراوە ، ئەبێت هەڵوێست لە بەرپرسیاران ئاشکرا بکرێت ، بکرێتە ئەزمونێکی تاقیکراوە و کەڵکی لێوەربگیرێت.

ئەبێت جەرگبڕانە دانبنرێت بەو هەڵە و ناتەواوییانەدا کە بوونە هۆی زیانی مرۆڤیی ، سیاسی ، ڕێکخراوەیی ، مەعنەویی و..تد.

# نوقڵانە!

لە لاپەڕە 21 دا ئەڵێت: (خوێنەرانی نامیلکەکەی بەرەو ناکامی و نائومێدی پاڵ پێوەدەنێو، هەر لە ئێستاوە نوقڵانەی دەرنەچوونی حزب لە هەڵبژاردنی ئایندەشدا لێ دەدا! هەر کەسێك ئەو دێڕانە بخوێنێتەوە بیری بۆ ئەوە ناچێ کە ئەم هاوڕێیە هێشتا ئەندامی ئەو حزبە بێ. خوێندنەوەیەکی نازانستانەی ڕووداوەکان دەخاتە بەرچاو،...).

بەڕاستیی سەیرە .. هەر وەك خۆی کردووە بە نەعامە ، ئەیەوێت حیزبیش بکات بە

نەعامە و سەری بشارێتەوە و تەواوی لەشیشی بە دەرەوە بێت!

لای خۆی وای خەملاندبوو لەپاش ئەم ئەترۆحەیەی ئەکرێت بە:

1 ـ لێپرسراوی ڕاگەیاندنی حیزبی شیوعی کوردستانیی. ئەم ناسناوەی بە خۆی دابوو لە گۆڤاری (هەندرێن )دا.[12]

2 ـ ئەکرێت بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

3 ـ نەوشیروان ئەیکات بە وەزیری گواستنەوە لە حکومەتەکەی سلێمانی، لە هەموو کۆڕ و دانیشتنێکدا باسی وەزیرییەکەی ئەکرد.

4 ـ ئەکرێت بە سەرنوسەری گۆڤاری بیری نوێ، ژمارەیەکی دەرکرد و دەستی کەوتە ڕوو، ئیتر لابرا.

5 ـ لە ئایندەیەکی نزیکدا لەپاش هاوڕێ کەریم ئەحمەد ئەبێت بە سکرتێری حیزبی شیوعی کوردستانیی!

ئەوەی لە بیر و حەز و ئارەزووەکانی ئەودا بوو وا دەرنەچوو، تەواو بە پێچەوانەوە هاتەدی!

هەر حیزبێك بیەوێت بچێتە هەر کێشەیەکی نوێوە، مەرجە و ئەبێت بە دیراسەیەکی جددییەوە بە ڕابوردووی خۆیدا بچێتەوە! بۆ ئەوەی ئەگەر لەوەوپێش باش بوو بێت ئەوا باشتر ببێت، خۆ ئەگەر باشیش نەبوو بێت، ئەبێت لە داهاتوودا باش ببێت و هەوڵبدات سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، واتە لە هەر دوو حاڵەتدا پیاداچوونەوەی کار و سیاسەتەکانی ڕابوردوو مەرجێکی سەرەکییە، ئەگەر پەیڕەونەکرا، بێگومانە کە شکست ئەهێنێت.

ئەمە فەلسەفە نیە من باسی ئەکەم، بەڵکوو ئەلفوبێی حیزبایەتی و سیاسەتە، ئیتر بۆچی ئەمە نوقڵانە بێت؟

لە هەولێر لە بارەگای حیزب چاوم بە هاوڕێیان، کەریم ئەحمەد و مەلا حەسەن و حەیدەر شێخ و شەپۆل کەوت، ئەو باس و هەواڵ و پێشنیارانەی هەمبوون دەربارەی

هەڵبژاردنەکەی شارەوانی ڕامگەیاند و پرسیارم لێکردن کە ئایا لەوەوپێش هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و غەیری پەرلەمانتان کردبوو؟ هاوڕێ کەریم ئەحمەد بە هەموو ڕاستگۆییەکەوە وتی نەوەڵڵا! وەڵامێکی ڕاستگۆیانە بوو ، داننانێك بوو بە کەمترخەمییاندا ، ئەمەش لە خۆیدا دووبارە وەڵامێکە بۆ باسەکەی (پشتئاشان لەنێوان ئازار و بێدەنگییدا) بەبێ پیاداچوونەوەی ڕابوردوو ، سەرکەوتن مەحاڵە!

من هاوڕێیانم بەرەو ناکامیی و نائومێدیی پاڵپێوەنەناوە ، ئەو کەسانەی کتێبەکەیان خوێندووەتەوە ڕەنگە وەك ئەو بیر لەو پێنج خاڵەی سەرەوە نەکەنەوە. ئەوانە بە تەکلیف و پاڵپێوەنراویی نەیانخوێندووەتەوە ، لەبەرئەوە نە ناکام ئەبن و نە نائومێد.

وا لە خەڵك ئەگەیەنێت کە ئەو زنجیرە هەڵبژاردنانەی لە کوردستاندا کراوە بە هەڵبژاردنەکەی شارەوانیی سلێمانییشەوە ، حیزب لە هەموویدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و لە داهاتووشدا هەر وا ئەڕوات!

ئەو نوسینەی ناوبراو ئەوەم بیرئەخاتەوە ، کاتێك بە بۆنەی جەژنی قوربانەوە لە ئاداری 2000 دا چووم بۆ بارەگای لیژنەی محەلی حیزب لە سلێمانی ، ئەویش لەوێ بوو لەگەڵ کاك ئەنوەر عوسمان دانیشتبوو ، پێی وتین (کاك مەسعود وەزیرێکی نەقڵی داوینەتێ ، شتێکی باشە ، بەڕێز مام جەلالیش وەعدی داوینەتێ وەزیرێکی نەقڵمان ئەداتێ ، ئەمەش جێی تەقدیر و پێزانینە.)!

وا بە گەرمیی بۆمانی باس ئەکرد ، وای پێشانئەدا لە سبەینێ زووتر نیە خۆی ئەبێت بە وەزیری گواستنەوەی سلێمانی ، من نەمئەزانی باسی "وەزیریی"یەکەی لە سەرکردایەتیدا کراوە ، ئەمە لە کاتێکدا چەند ڕۆژێك تێپەڕ نەبووبوو بەسەر کارەساتی هەڵبژاردنەکەی شارەوانییدا لە سلێمانی کە "هاوپەیمان" پاشقولێکی وایان لێگرتین تەنانەت لە شارۆچکەیەکی بچوکیشدا حشك بەڕێوەبەرایەتی

شارەوانییەکی دەست نەکەوێت! کەچی ئەمیش پەلەیەتی و چرکە ئەژمێرێت بۆ وەزیرییەکەی! ئەگەر سەرۆکی دەزگای رۆشنبیریی حیزبی شیوعی کوردستانیی ئەمە هەستی چینایەتی و خۆشباوەڕیی بێت ، عەودالی کورسی وەزارەت بێت ، ئاخۆ لە داهاتوودا ئەو حیزبە چی بەسەر دێت؟

حیزب لەو هەڵبژاردنە شارەوانییەدا لە 3-2-2000 دا ڕێژەی لە 1٪ ی پێبڕا ، ئەمە شکستێکی جەماوەریی و مەعنەویی بوو لە باری هێز و توانای حیزبەوە ، لە مەرگەساتەکەی پشتئاشان کەمتر نەبوو ، ئەم سەرنەکەوتنە ، ئاسایی و چاوەڕوانکراو بوو! ئەبووایە ئەو بەیانە ناوخۆییەی کە بریتی بوو لە ئاشکراکردنی 16 خاڵی فێڵ و گزیی و کەموکوڕیی هەڵبژاردنەکە! بۆ جەماوەر بڵاوبکرایەتەوە ، ئەو کاتە ئەبووە داکۆکییەك لە خۆ و لە دیموکراتیی.

ئەبووایە جەلال ڕاستگۆ بووایە ، لەگەڵ کەس نا ، تەنیا لەگەڵ خۆیدا ، چونکە من کاتێك ئەو خەملاندنانەم نوسیوە کە دوو ساڵ بەرلە هەڵبژاردنەکان بووە و مێژووی چاپکردنی کتێبەکەش دیارە!.. بەڵام با بۆ ئەو هەر نوقلانە سەڵەوات بێت!

## میوانێکی ئازیز!

لە لاپەڕە 22 دا دەربارەی هەوڵدانی حیزبمان بۆ ئازادکردنی نەوشیروان و هەڵهاتنی لە بارەگای حیزبمان ، ئەڵێت: (کۆششەکەی بەردانی نەگەیشتۆتە ئەنجام و دوور نەبووە لە هەر ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراودا دیسان ژیانی بەندکراوەکە بکەوێتە مەترسییەوە ، ئیتر بۆچی ڕانەکات..؟ تا کەی چاوەڕوانی یان ئازادی یان مردن بکات لەکاتێکدا کە بتوانێ ڕابکات؟! بۆچی ئەمە "لەبار بردنی ڕۆڵی ئاشتیخوازانەی حزبمان بوو"؟!).

لەپێش هەموو شتێکدا ، نەوشیروان مستەفا بەند نەبوو ، بەڵکوو میوانێکی ئازیز و

ڕێزلێنراوی حیزبی شیوعی بوو لە بارەگای هێزی پێشمەرگەی بەتالیۆنی 7 ی هەڵەبجە لە ئەشکەوتی هەزار ئەستون ، ژیانی لە مەترسیدا نەبوو ، بەڵکوو پارێزراو بوو.

هەر کاتێك نەوشیروان بیویستایە! ئەیتوانی ڕابکات ، چونکە پاسەوانە شیوعیەکان تەنیا پارێزگاریی ژیانیان ئەکرد نەك چاودێریی ، لەبەرئەوە ئازاد بوو ، خۆشی ئەو ڕاستییەی ئەزانی.

ئەبووایە برالە دەربارەی ئەو ڕووداوە ، کتێبەکەی پشتئاشانی بە باشیی بخوێندایەتەوە ، پرسیاری لە حیزب و لەو پێشمەرگانە بکردایە کە لە هەزار ئەستون ڕێزیان لە نەوشیروان ئەگرت! ئەوسا قەڵەمی خۆی تاوبدایە ، هەر بە تەنیا پشتی بە کتێبەکەی نەوشیروان نەبەستایە!

ئەمە لە خۆیدا پاکانە و ماستاوکردنە بۆ نەوشیروان و یەکیەتی و ڕووزەردکردنی ئەرك و کۆششی حیزبمان و پێشمەرگەکانی!

ئەو ڕاکردنە ، حیزب و پێشمەرگەکانی زۆر ئازار دا ، ئەبووایە نەوشیروان ئەو ئەرکە پڕ خزمەتگوزارییەی شیوعییەکانی فەرامۆش نەکردایە.

من خۆم خستەبەر لولەی دەمانچەکەی کاك تایەری عەلی والی بەگی ڕەحمەتیی و نەوشیروانم خستە پشتی خۆمەوە ، یادی بەخێر هاوڕێ (عەلی کالاشنیکۆڤ) و پێشمەرگەکانمان میلی تفەنگیان ڕاکێشا دژ بە هەر دەستدرێژییەك بکرێتە سەر "میوانی ئازیزی حیزب"! هەر لەوێدا لە گوندی چنارەی ڕاگوێزراو ، کاتێك کە زانرا ئەو ئاژاوەیە پلانی بەعس بوو کە نارنجۆکێکیان خستبووە ماڵی خوالێخۆشبوو تایەری عەلی والی بەگەوە! کۆتاییمان بەو ناخۆشییە هێنا و هەر لەوێشدا **بڕیاردرا لەسەر پێشنیاری نەوشیروان خۆی! کە هاوڕێ عەلی کالاشنیکۆڤ و پێشمەرگەکانمان و نەوشیروان بگەڕێنەوە بۆ بارەگای حیزبمان لە هەزار ئەستون و** من و دوو پێشمەرگەی خۆمان (هاوڕێ هیمداد عەبدوڵا شاخەوان و هاوڕێ حەمە

سور ، هەروەها کاك جەمال حـەکیم و وابـزانم شـێخ داراش بـوو ، ڕۆیـشتین بـۆ دێـی پاڕەزان بۆ گەڕاندنەوەی ئـەو چـەکانەی (حـسك) کـە یەکیـەتی دەسـتی بەسـەریاندا گرتبوو.
ئێمە بۆ بەیانیی بە چەکەکانەوە ئەگەڕاینەوە ، ئیتر پێویستی بەو ڕاکردنە نەئـەکرد ، جا نازانم برالـە لـە کام سەرچاوەوە پێی ڕاگەیاندراوە کە گوایە (کۆششەکەی بەردانی نەگەیـشتۆتە ئـەنجام ... ئـیتر بۆچـی ڕانـەکات..؟) ، گومـان لـەوەدا نیـە کـە ئـەم تەخمینەی لـە نەوشیروان خۆیەوە ، یان لـەکتێبەکەیەوە وەرگرتووە!
نەوشیروان لای حسك نەیئەتوانی ڕابکات ، لـەبەرئەوەی مامەڵـەی دیلـیـان لـەگەڵـدا ئـەکرد! تێکۆشـەر لــە گرتووخانــەی دوژمــن ڕائـەکات ، نـەك لــە مـاڵـی دۆسـتی و ڕێزلـێنراویش بێت!
لـە ساڵانی پەنجاکاندا ئێمەی شـیوعیەکان کـە ئـەگیراین ، دۆسـت و ناسـیاوەکانمان ئــەهاتن و ئــەبوون بــە کــەفیلمان تــا ڕۆژی مەحکەمــە ، لــە ڕۆژی مەحکەمــەدا ئامادەئەبووین ، لـەگەڵ ئەوەشدا کە ئەمانزانی حوکم ئەدرێین ، بەڵام هەر بـۆ ئـەوەی کەفیلـەکەمان توشی ئازار نەبێت! چونکە ئەوانیش بەشێکن لـەو جەماوەرەی کە لـە پێناویاندا تێئەکۆشین! لـەم ڕوانگەیەشەوە ئەبووینە جێی متمانە و باوەڕی جەماوەر.
شێخ مارف بەرزنجیی و شێخ حسەینی برای و نوری سەیوەلــی و 25 هاوڕێی تر کە ئــازاد بــوون و هێجگــار بــە ئاســانیی ئــەیانتوانی نەچــن بـۆ دادگــا لـــە دوارۆژی دادگاییکردنەکەیاندا ، بەڵام بە پێی خۆیان چـوون بـۆ دادگـا و خۆیـان شـەرمەزاری کەفیلــەکانیان و جەماوەرەکــەیان نــەکرد و ترسـنۆکییان پێـشاننەدا و باوەڕیــان بــە ئامانجێـك هـەبوو کـە لـەپـێناویدا خـەباتیان ئـەکرد. هـاوڕێ نـوری سەیوەلـــی بــە ئەوتۆمۆبیلـەکەی خۆی لـەگەڵ براکانیـدا بـۆ دواجـار چـوو بـۆ مەحکەمـە و کەسـیان نەگەڕانەوە و ئەوتۆمۆبیلـەکەشی تا چەند ساڵێکیش هەر لــە گۆڕەپـانەکەی بـەردەمی دادگادا مایەوە.

وەك هەمووشمان ئەزانین ، هەموو ئەو شیوعییانە کە 28 هاورێ بوون ، حوکمدران بە لە سێدارەدان و لە 23 ی حوزەیرانی 1963دا شەهید کران. لە دوای راپەرینەکەشەوە وەسێتنامەی زۆربەیان کەوتە دەست حیزب و لایەنەکانی تر و یەکێکیان پەشیمانیی دەرنەبڕیوە لەوەی کە بە پێی خۆی چووە بۆ دادگا.

مامۆستا جەرجیس فەتحوڵای پارێزەر دەربارەی ئەو ڕووداوە و هاورێ شێخ حسەین بەرزنجیی برادەری و چوونی بۆ دادگا و بە پێی خۆی ، ئەڵێت: (تا بمێنم لە ژیاندا ئەم ڕووداوەم هەر لە بیر ئەبێت ، ... بڕۆ خۆت ونبکە ، 48 کاژێرت ماوە بۆ دوا ڕۆژی دادگاییکردنەکەتان و خاکی کوردستانیش فراوانە و خۆشت لە گەورە پیاوانی نەتەوەکەتیت ، بەڵام وتی ئەی هەڵوێستم چی بێت بەرامبەر بەو کەسەی کە کەفالەتی کردووم؟...).[13]

خۆ من ناڵێم ئەبووایە نەوشیروانیش وەك شیوعییەکان بووایە! .. نەخێر .. ئەوەی کە زۆر جار بە شیوعییەکان ئەکرێت بە هەموو کەسێك ناکرێت!

جەلال بەو بەرائەتە خەستوخۆڵەیەوە بۆ نەوشیروان ، نەوەستاوە! پڕوپاگەندەی نارەواش ئەکات دژ بە هاورێکەی ، گوایە قادر رەشید خۆی بۆ خۆی چووە بۆ لای نەوشیروان و کتێبەکەی پێشکەشکردووە!

ئەم هەڵبەستنە پێسپێرراوەی لە بارەگای محەلی حیزب لە سلێمانی بڵاوکردووەتەوە.

بە راستیی دیاردەیەکی نوێی پڕ لە شەرمەزارییە و لە رەوشتی رۆشنبیری شیوعی ناوەشێتەوە کە هێشتا ئەندامی ئەو حیزبە بێت و بە نارەوا بوهتان بۆ هاورێکەی بکات!

هاورێ (ش.ن) لە بارەگای رێکخراوی محەلی سلێمانی بوو ، ئەڵێت ئەو هەڵبەستنە راست نیە و نارەوایەتییە بەو هاورێیەی ئەکەن ، وا دیارە رەخنەگر مەسەلەی "بوهتانی دەمانچەکەی مام جەلال" ی تا ئێستا لەلا نەبووە بە عیبرەت!

ئاخۆ ئەبێت چیتری لەمە زیادتر لە هەگبەکەیدا پێ مابێت پێشکەشی بکات!
بێدەنگیی و کەمترخەمیی لە بەربەستکردنی ئەم ڕەفتار و دیاردانە ، زیانی زۆرتری لەدوا ئەبێت بۆ حیزب.

## دروشم! یان دەقی قورئان؟

لە لاپەڕە 22 ـ23 دا ئەڵێت: (ئەبوو شوان خەمی ئەوەیەتی کە نەیتوانیوە دروشمی حزب (قووا تنظیم حزبکم ، قووا تنظیم الحرکة الوطنیـــة ) جێبەجێ بکات کە دەڵێ: "...دڵخۆشی خۆمان بەوە ئەدایەوە کە ئەو ماندوو بوون و کۆڵەمەرگییەمان بۆ کارێکی نیشتمانییە، بۆ رزگارکردنی کاك نەوشیروانە،...بۆ پەیڕەوکردنی دروشمەکەی حزبمانە (ڕێکخراوی حزبتان بەهێز بکەن ، ڕێکخراوەکانی بزوتنەوەی نیشتمانیی بەهێز بکەن)... دیسان دێتەوە سەر شیکردنەوەی ئەم دروشمەو، لە سەرەتادا بە ڕاست و لە دواییدا بە هەڵەی دەردەخاو دەڵێ هەر بەهۆی ئەم دروشمەوە بووە کە سەرکردەکانی حزب نەیان توانیوە بەرەنگاری هێرشی لایەنێکی جوڵانەوەی نیشتمانیی ببنەوە لە کاتێکدا ساڵەهای ساڵە مێشکیان زاخاو ئەدرێت بەو دروشمە ... جێگای داخە کە ئەبوو شوان دوای ئەو تەمەنە درێژەی حزبایەتیی هێشتا بە چاکی لەو دروشمەی حزب نەگەیشتوەو بە هەڵەش نووسیویەتی و لێکیداوەتەوە).

ئایا ئەمە ڕەخنەیە یان دەمکوتکردن و کپکردنی ورتەیە؟

ئەگەر بۆ گۆڕینی دروشمێك ئەمە هەڵوێستی بێت! ئەی ئەگەر پێی بڵێیت تەمەن و شەیدای کورسی تەنگی پێهەڵچنیویت ، ئاخۆ ئەبێت چی بڵێت! یان وەك د.مارف خەزنەدار پێی بڵێیت ، نوسەر نیت! بێگومانە چاوەڕێی لەوە باشتری لێ ناکرێت کە بە کاك دکتۆر مارفی وتووە!

زۆر لە کادێرانی ڕۆشنبیر وازیان لە حیزبەکانیان هێناوە و دانیشتوون ، یان

ڕێگایەکی تریان گرتووەتەبەر ، بێ ئەوەی حیزب و هاوڕێیان و دۆستە دێرینەکانی حیزبەکەیان لەکەدار بکەن ، بەڵام ئەو بێ هەستکردن بە بەرپرسیاریی حیزبایەتی و ڕەوشتی شیوعییانە ، ملی پێوەناوە لە بریندارکردنی هاوڕێکەیدا!

زۆر زەحمەتە ئەوەی لە کاری ژێرزەمینییدا بۆی لوابوو ئەمڕۆش هەر وا بە ئاسانیی لە ئاستی هۆشمەندیی قاعیدەی حیزب و کاری ئاشکراییدا بۆی بچێتەسەر.

پێموایە لە پێشیشدا و لە دواییشدا بە باشیی لەو دروشمە (ئێکسپایەرە!) تێگەیشتووم. ئەبینم ئەمڕۆ ئەو دروشمە بووەتە بەهێزبوونی لایەنەکانی بزوتنەوەی نیشتمانیی و لاوازبوونی ڕێکخستنی حیزبی شیوعی! ئەو دروشمە تەنیا (دروشمە) نەك ئامانج! واتە ئەشێت گۆڕانکاریی تیادا بکرێت ، بەگوێرەی سەردەم و واقیع ، بێگومانیشە کە ئەبێت ئەو دروشمە بۆ بەرژەوەندی حیزبیش بێت.

ئەگەر بەپێی ئەو دروشمە بێت "ڕێکخستنی حیزب بەهێز بکەن ، ڕێکخستنی بزوتنەوەی نیشتمانیی بەهێز بکەن" ، واتە بەگوێرەی لۆجیك ، بە لاوازبوونیشی ئەبێت بزوتنەوەکە لاواز ببێت ، بەڵام ئەمڕۆ ئەبینین لایەنەکانی بزوتنەوەی نیشتمانیی کورد و عێراق بەهێزن و ڕێکخراوی حیزبی شیوعی لاوازە! بەپێی ناوەڕۆکی دروشمەکە ، ئەبووایە ئەویش بەهێزتر و باڵادەستتر بووایە لەو دوو حیزبە حوکمڕانەی ئەمڕۆ!

ئایا نابێت بزانین بۆچی هاوکێشەکە لاسەنگە؟

کاتێك هاوڕێ فەهدی نەمر ئەو دروشمەی داڕشتووە ، حیزب لە کوردستاندا نەبووە. هەروەها حیزبی شیوعی عێراق لە گۆڕەپانی عێراقدا باڵادەست بووە و ڕیزەکانی بزوتنەوەی نیشتمانیی لە عێراقدا لە شەڕێکی تەناحوریدا نەبوون لەگەڵ حیزبدا. ئەو حیزبانە دروشمی ئاشکرا و نهێنی لەناوبردن و ئازاردان و لاوازکردن و پاشقول لێگرتنی حیزبی شیوعیان نەبوو.

ئەوەش کە شاراوە نیە لە کەس ئەوەیە کە لەو سەردەمانەدا حیزبمان دوو حیزبی

دروستکراوی تری خۆی هەبوو ، حیزبی ڕزگاریی نیشتمانیی و حیزبی گەل ، بۆیە بە پەرۆشەوە ئـەو دروشمـەشمان هـەڵگرتبوو چـونکە پـتەوبوونی ئـەوان هـەر پـتەوبوونی خۆمان بوو!

لـەدوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو دوو حیزبە و شەهیدبوونی هاوڕێ فەهد و شەبیبی کـە لـەوەوبەر سەرۆکی حیزبی ڕزگاریی نیشتمانیی بوو ، ئـیتر ئـەو دروشمـە بـە کـردەوە باوی نەما ، بەڵام ئێمەش بێ لـێکۆڵـینەوە و هەڵـسەنگاندن و هەر لـەبەرئەوەی قـسەی هاوڕێ فەهـدە! ئـەو دروشمـەمان وەك خـۆی هێـشتووەتەوە و وەك "دەقێکـی پـیرۆز" سەیرئەکرێت ، نەوە لـەدوای نەوە!

لـەپاش ساڵـەکانی پەنجاوە ئەو لایەنانەی بزوتنەوەی نیشتمانیی کە دۆسـتی حیـزب بوون ، بوونە دوژمنی سەرەکیی!

لـە کوردستانیشدا بوونە ڕێگر و ئازاردەر و لاوازکەری حیزبـی شـیوعی ، ئـەمڕۆ هـیچ حیزبێك لـەو دروشمەی حیزبی ئێمـەی بەرزنەکردووەتـەوە! چـونکە بـە بەرژەوەنـدە چینایەتییەکەی خۆیانی نازانن ، ئـەوان سـودی زیادتریـان لـەو دروشمـەی حیـزب وەرگرتووە بۆ بەرژەوەندی حیزبەکانی خۆیان و بزوتنەوەکانیان ، وەك لـەوەی ئێمە تـا ئێستا سودمان لـێوەرگرتبێت!

هەر ئەو دروشمەشە وامان لـێئەکات کە هەمیشە خۆمان بـە مامەخەمـە و ڕیشسـپی و براگـەورە بـزانین! زیـادتر خـەریکی کێـشەی ئـەوانی تـر بـین وەك لــە کێـشەکانی خۆمان! یان سود لـە کێشەکانی ئەوان وەربگرین!

کێ ئەمڕۆ دوژمنی چینایەتی خۆی (قەڵـەو) ئـەکات بـە خـۆڕایی و لـەسـەر حـسابی خۆی! ئەگەر بۆ (خواردن)ی نەبێت!

پـێم وایـە بەرژەوەنـدی چـینایەتی لــە سـەروو پـەیوەندیی دۆسـتایەتی لایەنـەکانی بزوتنەوەی نیشتمانییەوەیە ، جاری وا هەیە دۆستایەتییەکە نامێنێت ، یان ئەمێنێت بەڵام ئەیانەوێت حیزب بکەن بە گیسکەکەی هەیاسی خاس و بە کردەوەش کاریـان

بۆ کردووە و بەردەوامیش هەر ئەیکەن.

لە هەموو حاڵەتێکدا مەرجە و ئەبێت پاراستنی بەرژەوەندە چینایەتییەکە فەرامۆش نەکرێت ، بۆ ئەو فەرامۆشنەکردنەش پێویستە بەپێی بارودۆخی ئەمڕۆ بەو دروشمەدا بچینەوە بۆ بەهێزبوونی حیزب و بزوتنەوەکەی.

ئەمڕۆ لە سیاسەت و پراکتیکی ڕۆژانەی حیزبدا ، ئەو دروشمە بەم شێوەیەی لێهاتووە: (قووا تنظيم ما تسمى بالحركة الوطنية ، ثم اذا أمكن قووا تنظيم حزبكم).

وا لێرەدا مشتێك لە خەرواری حەسەناتی ئەو دروشمە باس ئەکەم:

لە سەردەمی عبدالکریم قاسم دا ، ئێمەی شیوعیەکان کە ئەگیراین ، لە بەندیخانە و دەست و پێ بە کۆت و زنجیرەوە ، ئەمان وت: (عاش الزعيم عبدالكريم)! خۆشم یەکێك بووم لەوانەی لە یەکی ئایاری 1960دا لەسەر چالاکیی نەقابەگەریی کرێکاران لەگەڵ کاك نائیب عەبدوڵا دا گیرابووین لە گرتووخانەی سلێمانی! ئێمەش هەر وامان ئەچڕاند!

ئەبینم تا ئەمڕۆش شوێنەواری ئەو دەسەڵاتپەرستییە لای دەباغ هەر باوە! ناوبراو کتێبێکی قەبە و قەوارە گەورەی پڕ کردووەتەوە بە شیعرۆکە و میعرۆکەی خۆی بە ناوی (گۆرانی سەرکەوتن) و بەشان و باڵی عبدالکریم قاسم و ستالین دا هەڵیداوە و وەك بەیانی شیوعی "مانیفێست" بەسەر لاوەکاندا بڵاوی ئەکاتەوە! تا ئەو تۆزە تروسکە چینایەتییەش کە تیایاندا ماوە ، لە گۆڕی بنێت و هەستی دەسەڵاتپەرستییان بەهێزتر و بەبرەوتر ببێت!

لە سەردەمی بەرەکەماندا لەگەڵ بەعسی دوابڕاودا بە تاك و بە کۆمەڵ لە هاوڕێیانمان ئەگیران و لە سێدارە ئەدران ، ئەمانوت لەگەڵ بەعسی هاوپەیمان بە یەکەوە بناغەی "سۆشیالزم" دائەڕێژین! کاتێکیش کە وردەوردە کەوتنە لێدان و قەلاچۆکردنمان ، هەر ئەمانوت ئەبێت (تەعمیقی تەحالوفاتی جەبهەوی بکەین)!

یەکیەتی نیشتمانیی "هاوپەیمان" ، شیوعیەکان قەلاچۆئەکەن! لەسەر "هیچ" بنەما و خاڵێکی پەشیمانییان ، جوتباقییەی ئەکەینەوە لەگەڵیاندا و هەموو پاشقولگرتنێکی هاوپەیمان دیزە بەدەرخۆنە ئەکرێت!

سەرنەکەوتنمان لە سایەیاندا بە سەرکەوتن لە قەڵەم ئەدرێت! هەر وەك بڵێیت "سیاسەتی ئاخر زەمان" بێت!

کادێرانی جوتیارانمان ئەکوژن و ئەگرن و ڕاوی کادێرەکانمان ئەکەن ، کاك دەباغیش ئەڵێت ئەمڕۆ لەگەڵ هاوپەیمان لاپەڕەیەکی نوێی هاوخەباتییمان کردووەتەوە!

ئەمە مشتێکە لە خەرواری حەسەناتی دروشمەکە و ناکرێت سەدان نمونەی تر باس بکەین ، چونکە لەو باوەڕەدام کەسانی بێلایەن و دور لە سیاسەتەوە! دە ئەوەندەی کاك جەلال شارەزای ئەو دروشم و باسەن و سەدان نمونەی زیندووی وەك کانی ماسی و سالانی هەشتاکان و پێشتری وەك سەردەمی قاسم و ئیتحادی ئیشراکییەکەی 64 و خەتی ئاب و بەرەی 73 و سەدان نمونەی تر ، باسکردنیشیان بەم بۆنەیەوە ، زیادتر لە کولاندنەوەی برینەکان ئەچێت وەك لە سارێژکردن.

ڕۆژێکیش دێت کە ئەو مێژووە و ئەو سیاسەتانە بە لێکۆڵینەوەی ئاکادێمی بێلایەنییانەوە هەڵبسەنگێنرێن و باسبکرێن.

هەر لە بارەی دروشمی حیزبەوە لە لاپەڕە 23 دا ئەڵێت: (قەڵب لێی تێگەیشتوە..)!

ئەبووایە وەك (بەناو) ڕۆشنبیرێك زۆر بوێرانە ئەو پێشنیارەی منی بۆ گۆڕینی ئەو دروشمە باس بکردایە ، بەڵام نەك هەر خۆی لەقەرەی نەداوە ، بەڵکوو وەك فەقێیەك داکۆکیی لەو (دەقە قورئانییە) ئەکات!

ئەگەر کەسێك لە ناخەوە هەستی بە کۆنبوون و ڕزینی دروشمێك نەکردبێت ، لێی نادوێت و گۆڕین و جێگریشی بۆ پێشنیار ناکات! ئەگەر پەیڕەویی ناوخۆی حیزب وەك ماف لەسەر بنەمای دەربڕینی بیروڕای ئازاد ، ڕێگەی دابێت بە ئەندامان و

تەنانەت دۆستانیشی بۆ وتووێژ لەسەر سیاسەت و دروشمی حیزب! ئەی بۆچی نەکرێت؟ بۆچی لای دەباغ ژانەسەر و تاوان بێت و بکەوێتە خانەی سوکایەتی پێکردنەوە! خۆ ئەو دروشمە ئایەتی قورئان نیە کە نابێت دەستی لێبدرێت ، ئیتر چ پێویست ئەکات ناوبراو خۆی بکاتە ئەهلی کوتەك؟

بێدەنگیی لەم شێوازە نادیموکراتییە زیانی زۆرتری بۆ حیزب بەدواوەیە.

ئەمڕۆ کەسانێکی زۆر هەن لە دۆستانی دێرینی حیزب ، عەودالی چارەنوسێکی باشترن بۆ حیزب ، تەنانەت لە کاتی کۆنگرە و کۆنفرانسەکاندا لێکۆڵینەوە و پێشنیاری بەجێتر لە سیاسەت و دروشمەکانی حیزب پێشکەش ئەکەن وەك لەوەی جەلال ئەیکات!

ئەبێت حیزب لەمە زیادتر داکۆکیی لە پەیڕەویی ناوخۆیی و لە ڕێبازی دیموکراتیی خۆی بکات کە جەلال پێشێلی کردووە! ئەم سەرشکێنییەی ناوبراو و ئەم زەبروزەنگەی بۆ تۆقاندنی قاعیدەی حیزبە و بۆ دورخستنەوە و گومانپەیداکردنی جەماوەرە لە دەوری حیزبی شیوعی ، ئەگینا چۆن لە نامیلکەکەیەدا لە لاپەڕە 45دا ، زانا و پرۆفیسۆرێکی ناودار و ماندووی ڕێگای زانیاریی و ڕۆشنبیریی گەلی کورد و دۆستی دێرینی حیزبی شیوعی و حیزبە نیشتمانپەروەرەکانی تر ، دکتۆر مەعروف خەزنەدار ، زۆر بە ناڕەوا و ڕاشکاویی پێی ئەڵێت: ( د.مارف زۆربەی ڕۆژ دەهات، جانتایەکی گەورەی سۆڤێتیی بەتاڵی دەهێناو بەپڕی دەیبردەوە! چەند جارێك ئاگادارم کردەوە کە تۆ جانتاکەت بە بەتاڵی دەهێنی و بەپڕی دەیبەیتەوە! دیارە ئەمەشی لەدڵ دەرنەچووە..).

واتە دزیی کردووە! و بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکیش پێشان بدات!

هیچ ئەدیب ، نوسەر ، ڕەخنەگر ، ڕۆشنبیر و شیوعییەك ، سنوری وا ناشکێنێت لەم چەرخە نوێیەدا!

لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە ئەڵێت "جانتای سۆڤێتی" ، من بە دوری نازانم کە ئەو

جانتا سۆڤیەتییەی زۆر لەلا (پیرۆزە) و پێیوایە ئەگەر دزییش بکرێت با بکرێت ، بەڵام (تو سەری ستالین) با بە جانتای سۆڤیەتیی نەکرێت و سۆڤیەت لەکەدار نەکرێت !

یان دوریش نیە مەبەستی ئەوە بێت کە دکتۆر مارف تا دوێنێ (هەڵگری جانتا و بیروباوەڕی سۆڤیەتیی بووە و ئەمڕۆش (لادەرە)) !

سەرەڕای ئەمانەش و لەگەڵ ئەوەشدا کە تەمەنی لە شەست تێپەڕاندووە ، بەلام لای وایە کە نابێت لەجیاتی ڕێکخستنی حیزب بەهێزبکەن ، بڵێم ڕێکخراوی حیزب بەهێزبکەن ، دور نیە کە لای وابێت هەر وەك قورئان ، نابێت تەنیا پیتێکی دروشمەکانیش وەربگێڕڕێن بۆ کوردیی ، ئەگینا کفرە و تاوانە بە پێزە (عەرەبییەکە !)

و ئەو دروشمانە زۆر لەوە (پیرۆز)ترن ! کە بکرێن بە کوردیی و (تەفسیر) بکرێن !

هاوڕێ فەهد پێش 65 ساڵ وای وتووە ، ئیتر کێ ئەتوانێت ! لەو زیادتر لەو دروشمانە تێبگات ! ئەو دروشمانە وەك دەقێکی پیرۆز وان ، تا کۆن ببن پیرۆزتر ئەبن !

ئەوەتا هەر لە لاپەڕە 23 دا ئەڵێت : (لە کاتێکدا حزب لە سەردەمی هاوڕێ فەهددا زانستانە ئەو دروشمەی دارشتووە کە راستبووەو بۆ ئێستاو لەمەولاش هەر راستە..).

پەکوو .. لەو دەربڕینە .. هەر ناوی سەلەفی و ستالین ئەبرێت ! سەد ڕەحمەت لە کفندز !

# داینەمۆ

لە لاپەڕە 24 دا ئەڵێت : (ئا ئەم باسە هاوڕێ ئەبوو سەرباز لە ل 235–237 و دواتریشدا، لە بیرەوەرییەکانیدا باسی کردوەو خۆی داینەمۆی کارو هەڵسوڕانەکە بوو، نەك ئەبوو شوان، کە دەیەوێ وا خۆی پیشان بدات).

بەڕاستیی سەیرە .. ئەم کابرایە هەر بە ناوی منەوە درۆ ناکات و بەس! دیارە ئەوە پیشەیەتی ، ئەگینا خوێنەرانی بەڕێز زۆر بە ئاسانیی کتێبەکەی ئەبوسەربازیان دەستئەکەوێت و ئەتوانن سەیری ئەو درۆ زلە بکەن و بزانن ئایا ئەبو سەرباز لە تەواوی کتێبەکەیدا وای وتووە!

درۆهەڵبەستن شتێکە و دەستپیسیی شتێکی تر! بەڵام ئەو بڕگەیەی سەرەوە هەردووکیەتی ، چونکە سەری لە خوێنەر شێواندووە و وای تێکەڵکردووە کە ئەگەر خوێنەر کتێبەکەی هاوڕێ ئەبوسەرباز نەخوێنێتەوە ، وا ئەزانێت کە ئەوە قسەی ئەوە نەك خۆی!

ئەپرسم: لە کام دێڕی ئەو لاپەڕانەدا ئەبوسەرباز ئەوەی نوسیوە کە خۆی داینەمۆی کار و هەڵسوڕاندنەکە بووە نەك ئەبوشوان؟

کتێبەکەی پشتئاشان دوو ساڵ دوای بیرەوەرییەکەی ئەبوسەرباز دەرچووە! ئیتر چۆن ئەبوسەرباز شتی وا ئەنوسێت! کورد بە گۆترە نەیوتووە لە بێخەبەران کەشکەك سەڵەوات.

ئەمە بوهتان و ناڕاستییەکی زۆر زەقە و نارەواییە بە ناوی ئەبوسەربازەوە! هەر من داینەمۆی کار نەبووم ، بەڵکوو ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیانی ئازا و لێهاتوو داینەمۆی کاربوون ، تەنیا ئەوانە نەبێت کە خۆیان شاردبووەوە! یان هەڵهاتن بەرەو هەندەران بەناوی بڕیاری حیزبەوە!

من زۆر بە کورتکراوەیی و بە چڕیی لەو کار و ئەرکانە دواوم کە لەو ماوە کەمەدا حیزب پێی سپاردبووم ، وا لێرەدا ناچارم ، ئەبێت وەڵامی بدەمەوە.

ئەوەی ئەبوسەرباز لەو سەردەمەدا پێی سپاردبم ، بە دڵگەرمییەوە پەیڕەوم کردووە ، نکۆڵییم لە خەباتی مەردانەی نیە ، بەتایبەتیی لەو ڕۆژە دژوارانەی ساڵی 1979 دا ، لە ڕیزی سەرکردەی ڕوخاو و هەڵهاتوو نەبوو ، جاری واش هەیە سەرکردەی خەمخۆر توشی هەڵە و پەشۆکاوییش ئەبێت. لە کۆتایی ساڵی 1979دا لە زەڵێ

لـه نـاوزەنگ لـیژنـەی ڕێكخـراوی هـەرێمی كوردسـتان كۆبوونـەوەی خـۆی كـرد بـە ڕێبەرایەتی هـاوڕێ عومـەری مامەشـێخە كـە تــازە لــە دەرەوە گـەڕابووەوە بـۆ سـەر حــازریی! هەنــدێك لـــە ئەنــدامانی ل.م یــش بەشــدار بــوون ، وەك ئەبوســەرباز ، ئەبوحیكمەت و كاك بەهادین ، ئەو كاتە كاك فاتح ڕەسوڵ دەستی لـە كـاری حیزبـی كێشرابووەوە ، واتە (تجمید) كرابوو ، لـەسەر هەڵـوێستی خۆشاردنەوەی لـە هاوڕێیـان لـە ڕۆژانی نەهامەتییدا كە ڕێكخراوی حیزب دادەپاچرا لـە هـەولێر! بـە هـەر حـاڵ بەشداری كۆبوونەوەكە بوو.

هاوڕێ عومەر وتی لـەپێش ئـەوەی بـچینە سـەر خاڵــەكانی بـاس ، ئەمـەوێ پـێتانی ڕابگەیەنم بە ناوی سەركردایەتی حیزبەوە ، بە ناوی لـیژنەی هەرێمی كوردستانەوە ، تەقـدیر و پـێزانینی زۆرمـان بـە هـاوڕێ قـادر ڕەشـید ڕادەگەیـەنم بـۆ ئـەو ئـەرك و ماندووبوونە زۆرەی كە لـە ڕۆژانی سەخت و دژوارییدا بەسەر حیزب هاتبوو ، هـاوڕێ قادر وەك پێویست توانیویەتی خزمەتێكی گەورە بە حیزب و ڕێكخراوەكانی بكات ، كـــار و ئەركـــە پێســـپێرراوەكانی بەپـــێی پێویـــست جێبـــەجێبكات ، وەك گرێــدانی پەیوەندیی ڕێكخراوەكانی حیزب لـە شارەكانی كوردستاندا بە یەكەوە و بە بەغداوە ، گەیاندن و گواستنەوەی هاوڕێیان و گەلـێك كاری گرنگی تر...

پێموایە ئەمە لێرەدا بەس بێت بۆ وەڵامی نـاوبراو ، جـا ئـیتر (داینـەمۆ) بـووبم یـان (فیبوزی) سوتاو! بۆ من گرنگ نیـە ، گـرنگ ئەوەیـە خزمـەتی حیـزبم كـردووە و بـە باوەڕیشەوە كردوومە و ئێستاش ئاوا ناچارم ، ئەگینا هەرگیز باسم نەكردووە.

## بــەرائــەت!

لـە لاپەڕە 25 دا ئەڵێت: (ئەبوو شـوان دەنوسـێ: "وای لـــێ هـاتبوو هـەر كەسێك جێی خۆشاردنەوەی نەبووایە پێی ئەوترا بڕۆ بەرائەت بدە ، با نـەكوژرێیت" ل 91 ،

بەڵام ناڵێ کێ وای دەگوت؟!).

ئەبووایە ئەو پرسیارەی لە حیزب بکردایە! پرسی بەو هەزاران هاورێیە بکردایە کە لە مەرگەساتەکەدا بوون ، باشترین سەرچاوەش لەو ڕووەوە کاك ئەبوحیکمەتە.

زۆر بە داخەوە بێئاگا و بە دەستی خاڵییەوە ئەیەوێت واقیعی ئەو بەسەرهاتە پڕ لە نەهامەتییە بشێوێنێت!

لە ساڵی 1979دا هاورێ عەزیز محەمەد لە ئیستگەی ڕادیۆی دیمەشقەوە ڕایگەیاند کە زیادتر لە شەست هەزار ئەندام و لایەنگری حیزب کەوتنە بەر شاڵاوی دڕندانەی بەعس!

تۆ بڵێی برالە لای وا بێت کە هەموو ئەوانەی لەو ئیرهابە ڕزگاریان بوو ، لە ترسنۆکییدا بەرائەتیان دابێت! بەتایبەتیی ئەوانەی کە دەرفەتی هەڕاکردنیان هەبوو ، بەڵام لەسەر داوای لێپرسراوە (خۆشاردووەوە و هەڕاکردووەکانیان) مانەوە و بەرائەتیان دا!

کەم نین ئەوانەی کە لەسەر داوای (حیزب) مانەوە و پێیان وترا (هاورێ .. بڕیاری حیزبە ، بمێنەوە تا ڕێکخراوەکەت سەروبەر ئەکەیت ، هەرچ کاتێکیش گیرایت ، چییان وت بیکە ، بەڵام بە پاکیی بمێنەوە ، حیزب ئاگای لە هەموو شتێکە)! هەر ئەو سەرکردانە بۆ خۆیان ، بە پاسپۆرتی عێراقیی لە ڕێگای فڕۆکەخانە و سنورەکانەوە بە ڕەسمیی و لەبەر چاوی ئەمن و پۆلیسەوە چوونە شام و دەوڵەتە کۆنە سۆشیالیستییەکان و دوای قەلاچۆکردنەکەش گەڕانەوە سەر حازریی و خۆیان ئەکرد بە فسفسپاڵەوان و بە هاورێکانیشیان ئەوت (متعهد) و ڕوخاو و دەیان ناووناتۆرەی تر کە لە کاتێکدا ئەوان وەك شوان هەڕایانکرد و دەیان هەزار هاورێیان وەك ڕانەمەڕ بەجێهێشت بۆ گەلەگورگی بەعس!

بەرائەتدان لە سنوری ئەوەشدا نەمابوو کە پێیان بوترایە بڕۆن بەرائەت بدەن ، دۆست و هاورێیانمان لە نائومێدییاندا نۆبەیان گرتبوو بۆ بەرائەت! ئەندامی

لیژنەی هەرێم خۆی ئەچوو بەرائەتی ئەدا و ئەیوت فلان پێی وتم برۆ بەرائەت بدە !

لێدوان لەو نەهامەتییە ، زۆر گرانە ، بەڵام دەرسێکە لە مێژووی بەسەرهاتی هاوڕێیان لەو ماوە کەمەدا ، ئەتوانرێت دەیان کتێبی لەسەر تۆمار بکرێت ، لە ئەنجامی نەبوونی نەخشە و پلانێکی پێشکات لە لایەن حیزبەوە بۆ ڕزگارکردنی هاوڕێیان لەو گەردەلول و تۆفانەی بەعسی تاوانبار.

هەروەها خۆشاردنەوەی لێپرساوان لە ڕۆژی لێقەوماندا ، قاعیدەی حیزبی لە هەولێر توشی سەرگەردانییەکی گەورە و گرانتر کرد ، ئەمەی من باسی ئەکەم مێژووە و لای حیزب شاراوە نیە ، مێژووی ئەو ڕووداوانەش ئەوەندە کۆن نەبووە ، تا لە بیر بکرێت ، ئەبێت وەك خۆی تۆماربکرێت و پەندی لێوەربگیرێت.

# عەشرەی موبەشیرە !

لە لاپەڕە 25 دا ئەڵێت: (لە ل 93 دا وای پیشان دەدا کە هاوڕێ فاتح ڕەسوڵ دژی چەکهەڵگرتن بووە، کە ئەمەش لە ڕاستییەوە دوورە).

لە ناوبراو ئەپرسم: کوا تاکە بەڵگەیەك ، یان سەرچاوەیەك ڕاستیی ئەم وتەیەی بسەلمێنێت؟ ئەو هەواڵەی لە کام سەرچاوەوە پێگەیشتووە؟

کاك فاتیح لە کۆنگرەی چواردا پێی وتم (بۆیە لە هەڵبژاردنەکەی کۆنگرەی چواردا بۆ ل.م دەرنەچووم ، چونکە ناوەکەم لە خوارووی لیستەی هەموو ناوەکانەوە بوو).

ئەمەش دەقی نوسینەکەیەتی کە ئەو قسەیەم ئەسەلمێنێت ، ئەڵێت: ( لە دوایەمین ڕۆژی کۆنگرەکە ، کۆمیتەي سەرکردایەتی ناوی ئەندامەکانی ل.م/ی لە لیستەیەکی نارێکی پڕ فرتوفێل دابەزاند ، نە بە شێوەی تیپی ئەبجەدی و نە بەشێوەی ڕۆڵ و شوێنی ئەندامەکانی ل.م ڕێکخرا بوو. داوا کرا کە دەنگ بدرێت بە پازدە ئەندام بۆ

ل.م/ي تـازه... بەڕاسـتی سـەرجەمی هەڵـسوکەوت و شـانۆگەریەکە، لــە سـادەترین گیانی دیموکراسیەت و مافی ئەندامایەتی ڕاستەقینە دوور بوو... دوای لـێکدانـەوە و بیرکردنەوەی زۆر ، گەیشتمە سەر ئـەو بڕوایـە ، نـە ڕەوشـتم نـە مـزاجم لـەگـەڵ ئـەم بلـۆکە کادرە ناگونجێت ئەگەر لـەگەڵـیان بمێنمەوە ، تووشی ئازار و سەرهێـشەی زۆر دەبم ، ...).[14]

ئەم بلـۆکە کادێرە جەلالـیش ئەگرێتەوە ، چـونکە لــە ئەنـدامانی ل.م ی "عەشـەرەی موبەشیرە" بوو کە کاك فاتیح باسی کردووە.

حیزب ئاگادارە کە کاك فـاتیح بێئاگـا بـووە لــە ڕێکخراوەکـەی ، هـەر بۆیـە سـزای حیزبیی درابوو.

ئەبووایە کاك فاتیح ئەم ڕاستییەی لــە کتێبەکانیـدا بـاس بکردایـە بـۆ ئـەوەی کـاك جەلالـیشی توشی هەڵـە نەکردایە!

کاك بەهادین نوری ئەڵـێت: (لـە ئەنجامی خۆدزینەوەی (مەبەست لــە کـاك فـاتیح ڕەسـوڵـە – نوسـەر) لــە ئــەرکی حیزبیــی پێســپێرراوی و بــێ وەفــادارێتی لـــە بەرپرسیارێتی حیزبیی ، لـەسەر داوای ئەبوسەرباز و ئەبوحیکمەت و بەهادین نـوری ، لـیژنـەی "هەنـدرێن" بڕیـاری تەجمیـدی دا و خرایـە بـەردەم مەکتـەبی سیاسـی و ئەوانیش ڕازییبوونیان لـەسەر دا).[15]

هاوڕێ بانیخێلانی ئەڵـێت: (بەر لـەوەی سلـێمانی جێهێڵـم پێـشنیارم بـۆ هاوڕێیـان (ابو حکمت و ابو ئاسۆس و نائب عەبـدوڵا) کـرد لــە هـەولـێرەوە بـێن بـۆ سـلـێمانی کۆبوونەوەیەك بکەین. هاوڕێ ابو حکمت و نائب هاتن ، بەڵام (ابو ئاســـــۆس) یـان نەدۆزیبۆوە، ابو حکمت گوتی ابو ئاسۆس لـە حزب دابـڕاوە و ئاگـای لــە ڕێکخـراوی پارێزگاکەش نەماوە).[16]

ئەمە لـەو کاتەدا کە زیادتر لـە 2000 لـە ئەندامان و دۆستانی حیزب لــە پـارێزگای هەولـێر ڕاپێچی ئەمنی بەعسی فاشیست ئەکران و بەرائەتیان پێئەدان!

ئەبووایە جەلال ئەو زەحمەتەی بۆ کاك فاتیح نەکێشایە و ئەم خۆی دەستپێشخەریی بکردایە لە وەڵامدانەوەی ئەو چەند نوسەرەدا کە بەو شێوەیە باسی خۆشاردنەوەی ئەکەن.

ئەگەر سەرکردەیەك ئەمە حاڵی بێت ، ئایا ئاگای لە چەك ئەمێنێت؟

من لەوەوپێش ئەم ڕووداوانەی کاك فاتیح ڕەسوڵم باس نەکردووە ، لەمە زیادتریش نادرکێنم و لێرەدا ڕایئەگرم.

کاتێك برالە لە ئەوروپا بوو ، من کاك فاتیحم لەناو هەولێردا بە شەو بە ئەوتۆمۆبیل ئەبرد بۆ بەغدا و ئەمهێنایەوە! لەبەرئەوە شارەزاییمان لە هەڵسوکەوتی یەکتر هەیە ، زۆر یان کەم ، ئیتر ئەم برالەیە بۆچی خۆی توشی ژانەسەر کردووە؟

# چەك تەسلیمکردنەوە!

لە لاپەڕە 27 دا باسی ئەو چەکانە ئەکات کە لەو ڕۆژەدا درایەوە بە بەعس ، ئەوەی جێی سەرنجە لە نوسینەکەیدا ئەڵێت: (... چۆن دەیتوانی ئەو هەموو چەکە لە بەغداوە بۆ چیا دەرباز بکات؟!).

بەڵێ هەر من نەبووم ئەو تەکانەم دایە خۆم بۆ گەیاندنی ئەو چەکانە ، بەڵکوو هاوڕێیانی تریش هەوڵیان دابوو ، هەر هەموو بەرپرسیارانی ئەو چەکانە باوەڕیان وابوو کە:

1 ـ بۆ دوارۆژ لە بەعسەوە گرفتیان بۆ پەیدا ئەبێت. بۆ نمونە لە ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان هەر هاوڕێ مەحمودی فەقێ خدر و قادر ڕەشید دەمانچە و کالاشنیکۆڤی ئەنجومەنی یاسادانانی بەعسیان گەیاندە شاخ! ئەی بۆچی ئەوانی تر

نەیانتوانی؟ تۆ بڵێیت لە خۆشباوەڕییانەوە نەبووبێت؟
2 ـ ئەوانە لەو باوەڕەدا بوون کە بەرەکەمان لەگەڵ بەعسدا دەچێتەوە دۆخی جاران!
ئەوسا توانای حیزب تەمومژاویی بوو ، وایان پێوانە نەکردبوو کە سیاسەتی نوێی حیزب سەقامگیر ئەبێت.
لەساڵی 1979دا کە ئێمە گەیشتینە ناوزەنگ ، ژمارەمان کەم نەبوو ، بەڵام چەکمان ئەوەندە نەبوو کە تەنانەت پاسەوانیی خۆمان بکەین!
لە بێچەکییماندا یەکیەتی نیشتمانیی چەند پارچە چەکێکیان داینێ ، هاوڕێ عەلی حاجی نادری ڕەحمەتیی و هاوڕێ عارفی ڕانیەیی و برادەرەکانیان لە بەری کۆسرەت بە گۆچانەوە ئەسوڕانەوە ، لە ناوچەکانی تریش برادەرانمان هەر ئەوە حاڵیان بوو.
وا 22 ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێئەپەڕێت و برالەش لەو بارەیەوە تاکە وشەیەکی ڕەخنەگرانەی ئاڕاستەی ئەو کەمترخەمییەی ئەو خۆشباوەڕانە نەکردووە!
ئەندامانی ئەنجومەن ئەیانتوانی وەك ئێمە چەکەکانیان بگەیەنن ، لەبەرئەوەی لە ڕێگاوبان پشکنینیان لەسەر نەبوو ، بەڵام جەلال دەباغ تاکە فیشەکێکی پێ نەئەگوێزرایەوە ، وای لێ حاڵیی بووە کە ئەندامانی ئەنجومەنیش وەك ئەون و وەك خۆی لە ڕێگای بەغداوە بە پاسپۆرتی عێراقیی ئەڕۆنە دەرەوە ، بۆیە ناتوانن چەك دەربکەن!
باسی چەککۆکردنەوە هەر لە کاتی ئیرهابەکەدا نەهاتە کایەوە ، بەڵکوو کۆنە و ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 75 و دوای هەرەسەکەی شۆڕشی ئەیلول.
هاوڕێ نەوزاد نوری سەیوەلی ئەڵێت : لە 75 دا و دوای ئەوەی کە چەکی (ئەنسار وەتەنی)م دانا بوو ، زووزوو بە کاری قوتابیان سەردانی ناوچەکانی لەیلان و قادرکەرەم و کفری و چەمچەماڵ و ناوچەکانی تری کەرکوکم ئەکرد ، ئەو کاتە ئەندامی سکرتاریەتی قوتابیان و مەکتەبی حیزبیی قوتابیان بووم. هاوڕێیان لەو

ناوچانەدا داوایان ئەکرد کە ئەو چەکانەی پێشمەرگەکانی ئەوسای پارتی تەسلیمیان ئەکردەوە و زۆر جار بە پاکەتە جگەرەیەك ئەیانگۆڕییەوە ، با هاوڕێیانمان بە هەموو شێوەیەك بیکڕنەوە و بیشارنەوە بۆ کاتی پێویست! بەڵام هەر کە ئەو پێشنیازانەی هاوڕێیانی گوندەکانم بە برادەرانی مەکتەبی محەلی کەرکوك ڕاگەیاند ، (أ.أ) و (م) وتیان بەخوا تۆش هەر وەك نوری ڕەحمەتیی باوکت شەڕانیت و حەزت لە موشکیلەیە ، ئەوە بڕیاری حیزب نیە و ئێمەش ئیشمان بە چەك نیە و ئەوەی سەرپێچیی بکات دەریئەکەین)!

بەڵێ .. قاعیدەی حیزب یەکەم جاری نەبوو دەستی بە ئاگری بەعس سوتابێت ، بۆیە باسی چەك هەر لە کاتی ئیرهابەکەدا سەری هەڵنەدا ، تەنانەت پێش ئیرهابەکەش ئەو ڕاوبۆچوونە هەر هەبوو ، بەڵام زۆر بە ڕەقیی لە لایەن زۆربەی سەرکردەکانەوە کپئەکرا ، تەنانەت جاری وا هەبوو کە هەڕەشەش لەو هاوڕێیانە ئەکرا کە ئەو نیازەیان هەبوو.

بۆ زیادتر زانیاریی لەم ڕووەوە با برالە جارێك چاوبخشێنێت بە بیرەوەرییەکانی هاوڕێیان و کۆنە هاوڕێیاندا و بە تایبەتیی بیرەوەرییەکانی کاك بەهادین نوری کە بە درێژیی باسی هەوڵدانی خۆی و چەند هاوڕێیەك ئەکات بۆ چەککۆکردنەوە و پەنابردنە بەر خەباتی چەکداریی ، لە هەمان کاتدا کە هێشتا لەگەڵ بەعس لە بەرەدا بووین!

بە هەر حاڵ ئەو ڕێبازی (لە بەرەوە بۆ شاخ) ـە ، ڕێکخراوی هەرێمی کوردستان سەپاندی بەسەر حیزبدا و دوو سێ ئەندامی مەرکەز و چەند ئەندامێکی هەرێم و محەلییەکان و ئەندامانی ساکاری حیزب بە هەموو کەموکوڕییەکیانەوە! ئەو شانازییەیان پێبڕا.

مێژووش سەلماندی کە سیاسەتی ئەو هاوڕێیانە ڕاست و دروست بوو لە چەککۆکردنەوە و خەباتی چەکدارییدا ، نەك سیاسەتی (تعميق التحالفات الجبهوية)ی

# بڕیاری حیزب! یان ڕاکردنی سەرکردە؟

لەژێر ناونیشانی کام ئەندامی سەرکردایەتی بەبێ بڕیاری حیزب چووەتە دەرەوە، ئەڵێت: (چووە بە دوای ئەبوو فاروقدا کە بڕوات بۆ کوردستان. بەڵام ئەو وتی "من نایەمەوە، بڕیاری حزبە ئەڕۆم بۆ دەرەوەی وڵات"!...ئەبوو فاروق کە نیازی دەرەوەی هەبوو لەگەڵ هاوڕێ غەنی لەسەر پێشنیاری من لەڕێی تەرمیناڵی پاسەوە بەرەو سوریا کەوتنە ڕێ!... ئەمەیان بەنیسبەت هاوڕێی شەهید غەنی حاجی ئەحمەدی نەمەڵییەوە ڕاستە. بەڵام ئەو نیوەکەی تری ڕاست نییە، چونکە ئەبوو فاروق بەشێوەیەکی ترو بە یارمەتیی کەسانی تر کەلای حزب ناسراون گەیشتە دەرەوە).

ئەمەوێت لە براله بپرسم، لە ڕۆژێکی وا لێقەومان و پڕ لە مەرگەساتدا، ڕۆڵی (سەرکردە) چییە؟

ئەبێت لە سەرپەرشتییکردن و سەرکردەییدا بێت! یان ڕابکات بۆ دەرەوەی وڵات و دەیان هەزار ئەندام و دۆست و لایەنگرانی حیزب وەك ڕانەمەڕ بەجێبهێڵێت بۆ گورگەکانی بەعس؟

کامەیان گۆڕەپانەکەی ئەو بوو: مۆسکۆ! یان کوردستان؟ دوو ئەندامی م.س، خۆی و ئەبوموخلیس، تەنیا خۆیان حیزبن! دەربازکردنی خۆیان بە دەربازبوونی حیزب ئەزانن! خۆیان بڕیار بۆ خۆیان ئەدەن بڕۆنە دەرەوە.

گوایە جەلال ئەم حەقیقەتە نازانێت! هەڵهاتنی سەرکردە لە ڕۆژی لێقەوماندا بە شەرعیی دائەنێت و داکۆکییشی لێئەکات!

ئەوەندەی پێ نەچوو هاوڕێ غەنی، یادی بەخێر، لە سوریاوە گەڕایەوە و گەیشتە

بارەگای مەڵبەندی بادینـان لـەسـەر سنوری کوردستانی تورکیـا ، ئـەو کاتـە منـیش لـەوێ بووم: وتی لـەپاش تۆ ، بۆ بەیانیی لـەگەڵ ئەبوفاروق لـە ڕێگـای تەرمینالـەوە گەیشتینە سوریا !

ئیتر نازانم ئەم هاتوهاوارەی برالـە بۆ چییە؟ خۆ ئەو دوو (سەرکردەی تەنگانـە) یـە ! لــە ژیانــدان و لــە حیزبـدا مـاون و یــەکێکیان لــە لـەنــدەن و ئــەوی تریــان لــە ئەڵمانیایـە ! خۆیـان بـۆ وەڵام نادەنــەوە و ئـەم خـۆی کـردووە بـە وەکیلـیـان ! خـۆ هەردووکیان ئەیانتوانی لـەپاش تەواوبوونی ئەرکەکانیان بهاتنایەتەوە بـۆ کوردسـتان ، نەك بۆ مۆسکۆ و لـە دواییدا بێنەوە سەر حازریی !

کاتێك کە لـە شاخیش لـە یەکی ئایاری 1983دا مەترسی دروستبوو بۆ سەر بارەگای حیــزب لــە پـشتئاشان لــە لایــەن چــەکدارەکانی یەکیەتییــەوە بــە ســەرۆکایەتی نەوشـیروان ، لـەپـێش ئـەوەی شـەڕ بگاتـە پـشتئاشان ، هاوڕێیـانی (سـەرکردە !) بـە (سکرتێری هەرێمیشەوە !) بارەگایان چۆڵکرد و بەرەو ئێران تفەنگیان فڕێدا و بەفری قەندیلـیان شێلا ، بێ هیچ شارەزاییەك ، تەنانەت خێزانەکانیشیان بەجێهێشت !

ئەرکی ئەوان لـەو کاتەدا ڕاکردن نەبوو ، واتە چەکفڕێدان نەبوو! بەڵکوو ئەبووایە لـە سەنگەرەکانی پێشەوەدا بوونایە و سەرکردایەتی پێشمەرگەکانیان بکردایە.

خۆ هەڕاکردن هەر لـە بەغداوە نەبوو ، بەبێ چەك بەرەو شـام و بـەیروت و یەمـەن و وڵاتە کۆنە سۆشیالـیستییەکان ! بەڵکوو لـە ناو کوردستانی ئازادیش و بە چەکیشەوە بووە !

هـەروەها کۆڕەوەکـەی پـاییزی 1988 لــە خواکـورك بـەرەو ئێـران ، جـەلال خۆشـی یـەکێك بـوو لــەو سـەرکردانە و **بـەبێ چــەك جلـّـەوی وڵاخـەکـەی ئـەبوفاروقی ڕائەکێشا !** ئیستگەکەی کردبوو بە ژێر خۆڵـەوە ، منـیش تـەنیا دوو ڕۆژ بـوو لـەسـەر داوای هاوڕێیانی م.س گەیشتبوومە ئەوێ ، ئاخۆ چیم پێئەسپێرن! ئیتر کەوتمـە ئـەو کـۆڕەووەوە ، هـاوڕێی سـکرتێری گـشتیی حیـزب لـەگـەڵ ئـەبوعامل و خوشـکان لــە

پێشمانەوە تێکەڵ بەو (دیلانە) بووبووین کە هەر هەموویان جاش و سەربازی گیراو بوون!

هێزی پارتی لە پشتمانەوە لە شەڕێکی گەرمی بەرگریی و دەستەویەخەدا بوون دژ بە ڕژێمی بەعسی فاشیست ، بە کۆمەڵ دیلەکانیان بەڕێ ئەکرد بەرەو بارەگاکەیان لە گوندی ڕاژان.

ئێمەش هەوراز ئەبڕین بەرەو ئێران ، بێ ئەوەی گوللەیەکمان بە دوژمنی داگیرکەرەوە نابێت ، ئیستگە و ڕاگەیاندن و چەك و کەلوپەل و ئازوقە و تەرمی شەهید مام عەلی (پزیشکی گوللەتۆپی بەرکەوت) ، بەجێهێڵرا و کران بە ژێر خۆڵەوە.

ئاخۆ برالە بۆ ئەم دیاردانە چی ئەڵێت! وا دیارە ئەمانەش بڕیاری حیزب بوون و لە ڕێی کەسانی ناسراوەوە بوون!

من ئەم ڕووداوانەم لە کتێبەکەی پشتئاشاندا باس نەکردووە ، ئەو ناچاری کردووم وەڵامی بدەمەوە و ئەم بەسەرهاتانە وەك خۆی و بەو واقیعەی تیایدا ژیاوم بە ئەمانەتەوە باس بکەم ، کەمیش نین ئەو هاوڕێیانەی کە لەو ڕووداوانەدا ژیاون و هێشتا لە ژیاندان.

لەوانەیە لای وا بێت کە لە جێگای قاعیدە ئەبێتەوە ، بەڵام لە جێگای قیادە نابێتەوە!

خۆی لە وڵاتێکدا ئەژی کە بە بەرچاویەوە سەرکردە هەر وەك گەڵای دار هەڵئەوەرێن و دێن و ئەڕۆن و قاعیدە و حیزبیش لە شوێنی خۆیەتی ، بەڵام بەگوێرەی (دایالیکستالین)ییەکەی برالە ، لە جێی قاعیدە ئەبێتەوە و لە جێی قیادە نابێتەوە! بۆیە لە کارەساتدا ئەبێت چەند سەرکردەیەك دەرباز ببن و قاعیدەش فت! ئەوە گرنگ نیە چونکە **ئەو عەقڵە عەبقەرییانە**! بە فیکەیەك قاعیدە دروستئەکەنەوە ، ئەی .. ئەوە نیە نیوەی گەلەکەمان دوای ئەو چەند

سەرکردەیەی ئێمە کەوتوون!

ئاخر بۆیە حاڵی بزوتنەوەکەمان خۆشە لە تەواوی دنیادا! چونکە بەو نزمییە سەیری جەماوەر ئەکرێت ، هەر بۆیە لە ڕوانگەیەکی ستالینییەوە ڕەخنەگرتن لە سەرکردەیەکی حیزب بە هێرش ئەزانێت بۆ سەر حیزب و بیروباوەڕەکە (**چونکە بیروباوەڕ و حیزب و سەرکردە ، سێکوچکەیەك دروستئەکەن و هیچ کامیان لە دووانەکەی تریان جیاناکرێتەوە ، بۆیە ڕەخنەگرتن لە هەر یەکێکیان بە ڕەخنە و هێرش ئەژمێررێت بۆ سەر دووانەکەی تر**).[17]

هاوڕێیانی وەك فەهد و سەلام عادل و عەبەلی و حەیدەریی و دەیان و سەدان لە نمونەی ئەوان وەك قازی محەمەد و هاوڕێکانی و سەدان شەهیدی تر کە ئەمڕۆ بە شانازیی و شکۆدارییەوە ناویان ئەبرێت ، لەبەرئەوەیە کە گۆڕەپانی خەباتیان چۆڵ نەکرد و لەدواییدا بگەڕێنەوە سەر حازریی!

ئاخۆ ئەم ڕێبازە مێژووییە پڕ لە قارەمانێتییە ، کەی ئەبێتە وانەیەك بۆ جەلال دەباغ و کەسانی وەك ئەو!

# قودسی داگیرکراو!

لە لاپەڕە 28 دا لە گەرمەی ڕەخنەکانیدایە لەسەر خۆرنەوەزان و بە گاڵتەجارییەوە ناوی ئەبات بە "قودسی داگیرکراو".

سەیرە .. مرۆڤ (بەناو) ڕۆشنبیر و شیوعی بێت ، بەڵام گاڵتەجاریی بکات بە خاکی نیشتمانەکەی خۆی!

لەوانەیە ئەو تەواوی عێراقەکەشی بە کەلاوەیەکی شام و (لوند - سوید) نەگۆڕێتەوە! بەڵام بۆ من و هەزاران شیوعی و ڕۆڵەی دڵسۆز ، هەر بستێکی خاکی کوردستان و هەر دۆڵ و هەردێکی و هەر بندەوەنێکی ، قودسی داگیرکراوە و ئەگەر

موقەدەستریش نەبێت!

## نهێنی

لە لاپەڕە 30 دا ئەڵێت: (کەی راستە نووسەر نهێنی حزبێکی تری باس کردووە کە رەنگە ئێستاش بۆ ئەو حزبە زیانبەخش بێ، کە ئەویش حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە؟).

سەیرە .. لە باسی خۆرنەوەزاندا نە زۆر و نە کەم ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نەهاتووە! بەڵام لە باسێکی تردا لە لاپەڕە 12ی کتێبەکەی پشتئاشاندا باسکراوە و ئەمەش دەقەکەیەتی: ئەم هێزە تێر و تەسەلە (مەبەست لە هێزەکانی یەکیەتییە ـ ق.ڕ) سەرنجی خەڵکانی ناوچەکەی ڕاکێشابوو، هەواڵمان پێگەیشت کە ئەو کەلوپەلە سەربازییە خەستوخۆڵەی یەکیەتی لە ناوچەکەدا بۆ ئەو خۆ ئامادەکردنە، لە ڕژێمی بەعسەوە نێرراوە و لە ڕێگای حیزبی دیموکراتی ئێرانەوە ـ حدکا).

لێرەدا ئەڵێم (حدکا) خۆی خاوەنی وەڵامە، نەك جەلال دەباغ، ئەم هەواڵەی بە درکاندنی نهێنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران داناوە و خۆی تەنگەتاو کردووە و داکۆکیی لە (حدکا) ئەکات!

دیارە داکۆکییئەکات لەو یارمەتییەی (حدکا) بۆ یەکیەتی و باسکردنیشی بە ڕاست نازانێت، واتە ئەو یارمەتییەی حدکا بۆ یەکیەتی ئەرکێکی نهێنی حدکا بووە! ئەمە لە خۆیدا ئەبێتە ڕاستیی ئەو هەواڵە لەسەر حدکا و دڵسۆزیی جەلال بۆ یەکیەتی و حدکا دەرئەخات! نەك بۆ حیزبەکەی خۆی. لە هەمان کاتدا ئەرکی پێسپێرراوی خۆی ئەخاتەڕوو کە تا چ سنورێك ڕەخنەکانی داتاشراون! ئایا ئەمە داکۆکییە و لە حدکای کردووە؟ یان سەپاندنی ئەو هەواڵەیە بە سەریاندا!

ئەگەر کەسێك نوسینێکی نەخوێندبێتەوە و پاڵپێوەنراو بێت بۆ نوسین و

ڕەخنەگرتن! هەر ئەوەش ئەنجامەکەی ئەبێت!

مـن لـەسـەر پـشتیوانییکردنی حـدکا لــە یەکیـەتی لــە شـەڕی پـشتئاشاندا هیـچم نەنوسیوە ، لـەو بارەیەوە بەڵگەنامەیەکی زۆریـش لای حیزبمـان هەیـە. هەڵـوێـستی حدکا لـەو قەسابخانەیەی پشتئاشاندا شاراوە نیە ، کـاتی خۆشـی نەمویـستووە باسـی بکەم ، خۆ حیزب و هاوڕێیان ئەو نین کـە لــەدەرەوەی وڵات بووبێـت و ئاگـای لــە ڕووداوەکان نەبووبێت و هیچیشی لـەو بارەیەوە نەخوێندبێتەوە!

بۆ ڕاستیی ڕا و بۆچـوونەکانیش لــەو ڕووەوە ، بڕوانــە (کتێبـی کـاك فـاتیح ڕەسـوڵ ، چەند لاپەڕەیەك لـە مێژووی گەلی کورد ، بەرگی سێیەم لاپەڕە 292 ـ295).

هەروەها نامـەی هـاوڕێی بـەڕێز ، عـارف ڕانیـەییم لـەلایـە کـە باسـی شـەهیدبوونی هاوڕێیانمـان ئـەکات لــەو ڕۆژانــەدا ، یەکەیەکـە بـە دەسـتی چـەکدارەکانی حیزبـی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە پێنج هاوڕێ بوون ، ئەمە ناوەکانیانە:

- شەهید هێمن بەرپرسی سیاسی لقی پشدەر
- شەهید محەمەد ڕەسوڵ
- ڕەسوڵ حەمەیوسف
- شەهید دکتۆر کاوە کەریم
- هاوڕێیەکی تر کە ناوەکەی لـە یادنەماوە

ئەوانی تر بە دیلیی کەوتوونەتە دەست پ.م کانی حدکا ، هەرچەندە ئەم هاوڕێیانــە هاواریان کردووە کە پێشمەرگەی حیزبی شیوعین ، بەڵام بێسود بووە!

هەروەها بروسکەی پیرۆزبایی هێزی (ئـاوارە و پیرانـشار)ی حـدکا بـۆ یەکیـەتی لــە سەرکەوتنیاندا لـەو قەسابخانەیەی پشتئاشاندا ، شاراوە نیـە! جـەلال ناچـاری کـردم کە ئەمە بنوسم.

ئەگەر بنوسم ، ئەبێت باسەکە وەك خۆی بنوسم و نابێت وەك کاك جەلال ئـەڵێت و داوائەکات کە ئەبێت لـەم ڕۆژەدا نوسین بەگوێرەی بارودۆخی ئەمڕۆ بنوسرێت!

به ڕای من ئەوە هیچ ڕاست نیە و چەواشەکردنی خوێنەر و شێواندنی مێژووە و سیاسەتێکی (حەربا)ییە کە بەگوێرەی کات و شوێن ، مرۆڤ ڕەنگ و ڕووی خۆی بگۆڕێت!

جاران کە سیاسەت وەك ئەمڕۆی بەسەر نەهاتبوو! بەم جۆرە دەربڕینانەی کاك جەلالمان ئەوت (ئینتیهازییەت)! بەڵام بەداخەوە ، ئێستا ئینتیهازییەت زەڵاتەیە لە چاو زۆر بیروبۆچوون و ڕەفتار و سیاسەتی ئەم ڕۆژگارەدا!

# خەواڵوو

لە هەمان لاپەڕە 30 دا ئەڵێت: (وا ئەم هاوڕێیەیان لە ناخەوە ئازارداوە کە دۆو دۆشاو تێکەڵ بکات. باشتر وابوو لە نامیلکەکەیدا پتر رق و کینەی دژی دوژمنانی حزب و گەل هەڵڕێژێ‌و ڕەخنەی ڕاست و دروستکارانە لە حزب و هاوڕێیان و لایەنە نیشتمانپەروەرەکان بگرێ).

بەڵام هەر خۆی لە لاپەڕە 20 دا ئەڵێت: (ئەی کوا تاقە بەڵگەیەکی کە ناوبراو (مەبەستی ئەبوفاروقە ـ ق.ڕ) رق و کینەی بەو جۆرە بووبێ‌و بە نیازی ((تۆڵە)) دوای هاوڕێیەك کەوتبێ؟! یان ویژدانی حزبیی خۆی ژێرپێ خستبێ‌و بۆ کەسێکی بە ناڕەوا تێچاندبێ، تا نۆرە هاتبێتە سەر ئەبو شوان؟! لە کاتێکدا دەیان کەس پڕکێشیان کردووەو ((لە بنی کولەکەکەیان داوە)) ئەویش (مەبەستی ئەبوفاروقە ـ ق.ڕ) بە چەند وشەیەکی کەم وەڵامی داونەتەوەو تەواو..).

لە چەند دێڕێکدا چەند ڕایەکی جیاواز! لە لایەك ئەڵێت لە ناخەوە ئازاری ئەبوشوان ئەدرا ، ئینجا لە لایەکی تر ئەڵێت کێ دوای ئەبوشوان کەوتووە تۆڵەی لێبکاتەوە!

بەڕاستیی سەیرە! مرۆڤ بە خەواڵووییش شتی وا دژ بە یەکتر لە هەمان نامیلکەدا

نانوسێت!

ئاخۆ ڕەخنەی ڕاست و دروست لای کاك جەلال چۆنە؟ پێی وایە ئەو ڕەخنانەی بخرێنە بەردەم قاعیدەی حیزب و جەماوەر، ئەوە ناڕاست و نادروستن! ئەڵێت نوسەر دۆ و دۆشاوی تێکەڵکردووە! خۆشی بێ ئەوەی ئاگای لە تەواوی ئەو ڕووداوانە بووبێت! گوایە بە تەکلیفی کەسانی تر، دۆی لە دۆشاو بۆ خەڵکەکە جیاکردووەتەوە!

ئەو کتێبەی پشتئاشان لە بەرژەوەندی تەواوی جەماوەری دژ بە شەڕ و ئاشتییخوازان و حیزبی شیوعییە، پێم وایە هەر حیزبییەك، هەر دۆست و دڵسۆزێك هەستی بە هەڵەی حیزبەکەی کرد و لێی بێدەنگ بوو، ئەوە زیان بە حیزبەکەشی و گەلەکەشی ئەگەیەنێت، **(من لام وایە ئەبێت مرۆڤە حیزبییە هۆشیارەکان ئەگەر بە ڕاستیی دڵسۆزی گەل و نیشتمان و بیروباوەڕ و لایەنەکەیان بن، ئەبێت پێش کەسانی بێلایەن بکەون لە بەرەنگاربوونەوەی هەڵە سیاسییەکاندا).** [18]

ئەگەر ڕەخنە و نوسینەکەشی بۆ بەرژەوەندێکی تەسك بێت یان بۆ پایە و کورسی و دەسەڵات، یان بۆ بازرگانییەتی بە شەهید و حیزب و پێشمەرگەوە! ئەوە لای خوێنەر ڕەواجی نابێت، چونکە خوێنەر سەنگی محەکە.

ئەو کتێبەی پشتئاشان، لە گەلێك گۆڤاری وەك بەربانگ لە سوید، هەڵاڵە لە ئەڵمانیا، دەنگی نیشتمان لە نەرویج، بارزان لە ئەمریکا و گۆڤار و ڕۆژنامەی تر و لە ڕادیۆی کوردیی لە سوید و کەناڵی تێلێڤیزیۆنیی کوردستان لە کوردستانەوە باسی لەسەر کراوە و لە زۆری شارەکانی سوید لە لایەن هاوڕێیان و کادێرەکانی حیزبی شیوعی کوردستانییەوە بەسەرکراوەتەوە، لە لۆکاڵەکاندا لە سوید لە نێوان کوردەکاندا وتووێژی زۆری لەسەر کراوە و دەکرێت، گەلێك نامە و فاکس و تێلێفۆن لە باشە و کەموکوڕیی بۆ دەوڵەمەندکردنی، لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات لە

کەسانی ڕۆشنبیر و ئەدیب و نوسەران و بەتایبەتیی لـە هاوڕێیان و دۆستانی حیزبـی شیوعی کوردستانییەوە گەیشتوونەتە نوسەر.
سێ جار لـە سلێمانی و هەولـێر بە بێ ئاگاداریی نوسەر لـەچاپدراوەتەوە و لـە زۆری مەکتەبەکانی سلێمانی و هەولـێر و شار و شارۆچکەکانی تر ئەفرۆشرێت.
گۆڤـاری **بـەربانگ** ی فیدراسـیۆنی کۆمەڵـە کوردسـتانییەکان لــە سـوید دەربـارەی چاپکردنەوەی پشتئاشان بێ ئاگاداریی نوسەر ، ناڕەزایی خۆی دەربڕیوە.[19]
ئەگەر وەك ئەو ئەڵێت ، دۆ و دۆشاو تێکـەڵکرابێت ، ئـەی ئـەم بایەخـپێدانەی ئـەو خەڵکە چییە؟

# پوخته

لـە لاپەڕە (5) دا ئەڵێت: (کاك قادر لـە کاتێکدا سیاسیەکانمان "لـەوپـەڕی چەپـەوە تا ئەوپەڕی ڕاست"! دەداتە بەرو، ئەمە دەنووسێ کە خۆی زۆر باش دەزانـێ ڕاسـتیی بەسـەرهاتەکان، تـا ڕادەیـەکی بـاش، خراونـە بـەردەم ئەنـدامانی حـزب و جـەماوەرو بەتەواوی وەك ئەو دەڵـێ، فەرامۆش نەکراون).
بەڵام هەر لـە هەمان کاتـدا لــە لاپـەڕە 4 دا ئـەڵێت: (...لــە شەشـەمین کـۆنگرەی حزبدا پوختەکەی بڕیاردراو خرایە ناو بەڵگەنامەکانی کۆنگرەوە و لـە ل 90 ــ 92 دا تۆمارکراوە، ..).
سەیرە .. پاش پانزە ساڵ ئینجا ئەو کارەساتە باسـکراوە و خراویـشەتە ئەرشـیڤەوە ، بەڵام لای وایە کە بۆ جەماوەر و قاعیدەی حیزب باسکراوە! دور نیە کـە ئەنـدامانی کـۆنگرە بـە جـەماوەر و قاعیـدە بزانێـت! بـۆ قاعیدەکـە ڕێـی تێئەچـێت ، چـونکە ئەنـدامانی کـۆنگرە بــە هــەر شـێوەیەك بێــت نوێنــەری ئەوانیــشن ، بــەڵام ئــەی جەماوەرەکە؟

ئـەو خـۆی لــەو کۆنگرەیـەدا نـەبووە ، ئـەو کاتــە لــە سـوید بـوو ، لێـرەدا خـۆی ئەیسەلـمێنێت کە دیوی ناوەوەی ڕووداوەکە ، واتە هەڵـسەنگاندن و هەڵوێـست لــە کارەساتەکەی پشتئاشان ، لێفەپۆش کراوە!

من سیاسییەکانم لـەمپەڕی چەپەوە تا ئەوپەڕی ڕاست نەداوەتەبەر ، ناشزانم ئەو کـام لایەنەیان بە بەرەی چەپ و کامەیان بە بەرەی ڕاست لـە قەڵـەم ئەدات! من وتومـە ئەبێت نوسەر یەك لایەنە نەنوسێت و بە مەوزوعییانـەوە ڕووداوە مێژووییـەکان وەك خۆی بنوسێتەوە ، لـەسەر داوای کەسانی تر و بێئاگایانە نەینوسێتەوە ، بوێرانەش بـۆ جەماوەری بنوسێت! نەك تەنیا بۆ کادێرە حیزبییەکان بنوسێت! جا ئەگـەر ڕاسـتن یان چەپ! نابێت بە نوسینەکانیان مێژوو بشێوێنرێت.

بڕوانـە کتێبـەکانی نەوشـیروان هـەمووی هێـرش و بوهتانـە دژی حیزبـی شـیوعی و هاوڕێیان کە کەم یان زۆر کاك جەلالـیشی لــێ بێبەش نەکردووە!

بڕوانە بیرەوەرییەکانی کاك بەهادین نوری ، هێرش و پەلامارە بۆ سەر یەکەیەکە لــە هاوڕێیانی سەرکردایەتی کە سەردەمێك بە یەکـەوە کـاری حیزبییـان کـردووە ، وەك ئەبوسەرباز و زەکی خەیری و برایمی سۆفی مەحمود و .. تد ، بـۆ نمونـە ، ئـەڵێت : (ئەبوتارا فێری دزیی بووبوو ، لـەسەر داوای د.قاسملوو هێنامانەوە لـەلایان...).[20]

ئەمە لـە خۆیدا تاوانێکی گەورەیە و بەبێ دادگایی ناڕەواییە بە مافی هاوڕێ بـرایم ، ئەبووایە هاوڕێ جەلال ئەمانەی ڕەچاو بکردایە ، ئەگەر ڕاسـتئەکات و داکـۆکیی لــە حیزب و هاوڕێیان ئەکات! یان پێدەچێت کە تەنیا ئەتوانێت داکۆکیی لـە ئەندامی م.س و مەرجەعیەت بکات!

بڕوانە کتێبەکانی فاتیح ڕەسوڵ ، هێرش ئەکاتـە سـەر کـۆنگرەی چـوار و بەتایبـەتیی هــاوڕێ عــەزیز محەمــەد ، هــەروەها تــەواوی ســەرکردایەتی و تەنانــەت کۆمیتــەی ناوەندیی هەڵـبژێرراوی نوێش لـە کۆنگرەی چوارەمدا! لـەبەرئـەوەی کـە خـۆی لــەو کۆنگرەیەدا لـە ل.م لابرا.[21]

بڕوانه كتێبی (تێشكان)ی سەرۆ قادر كە لە سەرەتاوە تا كۆتایی هەر سوكایەتی و گاڵتەجاڕیی ئەكات بە هاوڕێ عەزیز و فەخری كەریم و ئەبوفاروق و خێزانەكەی و خوشكان و كاك جەلال خۆشی كە زۆر بە سوكایەتییەوە ناوی ئەبات!

هەروەها دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار و كتێبی تر كە تا نوسینی ئەم وەڵامە لە هێرشی بەردەوامدان دژی حیزبی شیوعی عێراق و كوردستانیی.

كتێبی پشتئاشان وەڵامی ئەمانەی داوەتەوە و داكۆكییە لە حیزب ، من ئەمانەم نەداوەتەبەر وەك برالە ئەیڵێت!

# سوكایەتی

لە لاپەڕە 31 دا وەك ڕونكردنەوەیەك ، ئەڵێت: (نووسەر دەڵێ : "فریشتەو یافەیروزی خێزانی فاتیح ڕەسووڵ كە گیراون ، سووكایەتییان پێ كراوە!" كە لە كوردیدا دیارە ئەو وشەیە مانای چییە، بەڵام خۆیان گوتوویانە كە ڕێزیان لێ گیراوەو، سووكایەتییان پێ نەكراوە، بەڵكو ئەمان قسەی زۆریان ڕووبەڕوو بە سەركردەكانی یەكێتی گوتووە.).

من نەموتووە فریشتە و یافەیروز! وتومە "خوشكە" فریشتە و "خوشكە" فەیروز ، ئەوەش مەرجە كە مرۆڤ بە ئەمانەتەوە وشە و ڕستەكان وەك خۆی بنوسێتەوە و هەر هیچ نەبێت تۆزێكیش ڕەوشتی لەگەڵ بێت ، چونكە ئەم دەربڕینەی خۆی ، جۆرێكە لە سوكایەتی پێكردن بە نوسەر و بەو "خوشكە" بەڕێزانە.

خۆی وشەی سوكایەتیشی بەلاوە زۆر گرانە كە من لە كتێبەكەمدا باسم كردووە ، چونكە سەركردەكانی یەكیەتی دەهاژێنێت! هەر بۆیە ئەڵێت "خۆیان" وتوویانە سوكایەتییان پێنەكراوە!

لێرەشدا دەرئەكەوێت كە مەبەستی لەو "خۆیانە" نەوشیروان بێت كە لە

کتێبەکەیدا ئەڵێت ئێمە ڕێزمان لێگرتوون ، بەڵام ئەمان (مەبەستی ئەو خوشکانەیە ـ ق.ڕ) قسەی زۆریان ڕووبەڕوو بە سەرکردەکانی یەکیەتی وتووە.

لێرەدا وای دەرئەخات کە ئەبووایە **(ئەمان)** واتە ئەو خوشکانە قسەیان پێنەوتنایە ، چونکە **(ئەوان)** واتە چەکدارەکانی یەکیەتی ، ڕێزیان گرتوون!

لە کاتی گرتنی ئەو خوشکانەدا ، لە ڕێگا و لە بەندیخانەکانیاندا ، پێیان وتوون: بۆچی مێردەکانتان و برا و کەسوکارتان ئێوەیان بەجێهێشت؟ ئێوە شیوعی عێراقیین ، بڕۆن بۆ جنوب شەڕبکەن ، ئەوانە خائینن ، ئەوانە بێوەفان بۆ ئێوە و گەل و نیشتمانەکەمان ، ئێوەش بڕۆن وازیان لێبهێنن ، ئەوانە ئێوە و پێشمەرگە بە کوشت ئەدەن و خۆشیان هەڕائەکەن...و تد.

ئەم حەربە نەفسییە بە جنێودانەوە! ئایا لە فەرهەنگی **جەلال دەباغ و نەوشیروان** دا پێی ناڵێن سوکایەتی پێکردن؟

لەمەش زیادتر نامەکەی هاوڕێ باوکی لێزانە کە بۆی ناردووم لەگەڵ بیرخستنەوەیەکی زۆری ڕووداوەکە کە جێی سوپاسە ، ئەڵێت: (یەکەم ، کاتێك ئەوەڵ تەرمی شەهیدمان لە هاوڕێیانی عەرەب گەیشتەوە پشتئاشان ، منیشت لەگەڵ بووم ، گۆڕێکمان بۆ هەڵکەند و بە خاکمان سپارد بە پەلە و تۆ چەند وشەیەکی لەسەرخۆت لەسەر گۆڕەکەی وت. دووهەم ، دایکی لێزان و دوو مناڵەکەم لە پشتئاشان بەدیل گیران و لە خوشکانیان جیاکرانەوە و دایکی ئاسۆس (مەبەست لە خوشکە یافەیروزە ـ ق.ڕ) لە ئاشقوڵکە شووبراکەی هات بەدوایدا و بردیەوە ، بەڵام دایکی لێزان و دوو مناڵەکەم لەگەڵ خوشکە فریشتە بە دیلێتی بران بۆ یەکێ لە گرتووخانەکانی یەکێتی ، لە ڕێگا لە قەڕناقاو چەکدارەکانی یەکێتی میلی تفەنگیان لێ ڕاکێشابوو بیکوژن ، لەسەر ئەوەی ڕەدی جنێو و قسەی سوك و ناشیرینی چەکدارەکانی یەکێتی دابووەوە ، ناویان لێ نابوو **ژنە شیوعیە دەمهەڕاشەکە**...).

... هەروەها لە نامەکەیدا باسی گوندی کۆیلە و هەڵوێستی ئەبوسەرباز و باوکی

شوان ئـەكات ، كـە خـۆم لـەبیرم چـووبوو لـە كتێبەكـەی پـشتئاشاندا باسـی بكـەم.
...هەروەها چۆن سەركردەكانمان بەجێیان هێشتین و چـۆنیەتی گرتنەكـەیان لـەگـەڵ هاورێ كەریم و گەلـێك بەسەرهاتی تر.

دەقی ئەم نامەیـە و چـەندان نامـەی تـری هاورێیـان و دۆسـتان و هاونیـشتمانان لـە بەرگی دووەمی پشتئاشاندا بە ئەمانەتەوە بڵاوئەكرێتەوە.

لـە گرتووخانەی یەكیەتی لـە وەرتـێ ، چـاوم بـەو 42 هاورێیـە كـەوت و ئـەو سـێ خوشكە عەرەبەی لـە تەویلـەی وڵاخدا بەندكرابوون ، لـەگەڵ خوشكە لـەیلا و سەمەر و ناوی خوشكە دیلـەكەی ترم لـە یاد نەماوە ، لـەوێ باسـی بەسـەرهاتی گرتنـەكانی خۆیان كرد ، بە قوڵپی گریانەوە ، بەڵام بە ورەیەكی بەرزەوە.

خوشكە سەمەر زیادتر لـەوان گریانەكەی بە كوڵ بوو ، هەردوو چاوەكانی بووبوون بـە گۆمی خوێن ، سەرێكی هەڵبڕی و وتی:

ـ منیش ..

هەر ئەوەندە و دووبارە دایەوە پڕمەی گریان .. ئینجا زۆری لـە خۆی كـرد و كـەمێك سەری هەڵبڕی و وتی:

ـ دەزگیرانەكەم ..

دووبارەی كردەوە و دایەوە پڕمەی گریان ..

نازانم چۆنە مرۆڤ ئا لـەو چركانەدا خـۆی بـۆ ئـەگیرێت و بـەریش لـە گـەردەلولی سۆز و لافاوی هەستەكانی ناخی!

ـ لـەگەڵ دەزگیرانەكەم ..

ـ دەزگیرانەكەم لـەگەڵمان بوو ..

ـ لـە ئێمەیان جیاكردەوە و بردیان ، ئیتر نەهاتەوە و بەدیلـی كوشتیان ...

من وەك پێشمەرگە و بە تەمەنتر و دنیادیدەتر زۆر هەوڵمدا ، بەڵام هەر نەمتوانی بـەر لـەو گەردەلول و لافاوەی هەست و سۆزم بگـرم و وەك منـاڵێكی سـاوا و وەك ئـەوەی

که نزیکترین کەسم لە تەواوی ژیانمدا لەدەست دا بێت ، دامە هارەی گریان.

ئەو خوشکانە بۆنی ئارەق و تەرسی وڵاخیان لێ ئەهات ، زەردهەڵگەڕاو ، برسی و بێهێز و لاواز هەر نەئەناسرانەوە.

ئیتر ئەبێت **ڕێزلێنان** لە فەرهەنگی جەلال دەباغ و نەوشیروان و نمونەی ئەواندا چی بێت!

ئەو کاتە کاك جەلال بە خاووخێزانیەوە لە دەرەوەی وڵات بوو ، لە گرتووخانەی (تەویلەی وڵاخ)دا لە وەرتێ نەبوو ، دڵنیام ئا ئەم باسانەش بۆ یەکەم جارە ئەیبیستێت!

لێرەدا ناچارم ئەم بەسەرهاتەی کاك جەلال خۆی بگێڕمەوە بۆ ئەوەی وشەی **سوکایەتی** بێنمەوە یادی.

لە سەرەتای ساڵەکانی شەستدا بوو ، بە دەست (ڕێکخستنی بزوتنەوەی نیشتمانیی بە هێزبکەن) ەوە ، پارتی ئەوسا ، حیزبی شیوعی زەلالەتی بوو ، لێئەدراین ، ئەکوژراین و ئەگیراین ، لە هەر شوێنێك شیوعیەکانیان ببینیایە ، لەبەر چاویان جنێویان بە لێنین و ستالین و مارکس ئەدا.

یەکێك لەو ڕووداوانە ئەوە بوو کە لە گەڕەکی کانێسکان ، پارتییەکان هاوڕێ جەلال ئەگرن و دارکارییەکی خەستوخۆڵی ئەکەن ، برادەران وتیان ئەوە سوکایەتییە بە هاوڕێ کراوە و مامۆستایە (مامۆستایان هەمیشە جێی ڕێزن ، نەك هەر لە کوردەواریدا ، بەڵکوو لە هەموو وڵاتێکدا ، تاوانە بەبێ هۆ ئیهانە بکرێن - ق.ڕ) ، ئەبێت تۆڵەی بسێنین.

ئیتر نازانم بۆ کاك جەلال وشەی سوکایەتی لەلا گرانە و لەبیری خۆی بردووەتەوە کە **تام و چێژی** چۆنە! یان لەوانەیە وا بزانێت کە سوکایەتی تەنیا **(دەستدرێژیی جنسییە)** و ئیتر هیچ شتێکی تر ناچێتە خانەی سوکایەتییەوە! و جنێودان و هەڕەشە و حەربی نەفسیی و بەندکردن لە تەویلەی وڵاخدا و.. تد ، سەیران و

حەڵواخواردنە!

باشتر ئەبوو کە ئەو خوشکانەی ببینیایە ، ئەوسا بکەوتایەتە ڕەشکردنەوەی ئەو ڕستانەی پێیان وتووە بینوسێت!

# دڵگرانیی

لە لاپەڕە 31 دا لە کۆتایی ئەترۆحەکەیدا ئەڵێت: (لە کۆتاییدا هیوادارم هاوڕێ ئەبوو شوان لە نووسینەکەم دڵگران نەبێ‌و، ڕەخنەکەشم لایەنە ڕووناکەکانی نووسینەکەی ناکات بە ژێرەوەو، داوای لێبوردنیش لە خوێنەرانی بەڕێز دەکەم کە ناچار بووم بەرگری لەم یان لەو هاوڕێ بکەم، چونکە لەو باوەڕەدام مێژووی هەموو بەرادەران لە مێژووی حزب جیا ناکرێتەوەو، با بۆ ئەوەی راستی سەرەوخوار هەڵنەواسرێ، هەموومان هەوڵ بدەین.!).

خۆ ئەگەر منیش دڵگران نەبم! تۆ بڵێی حیزب و هاوڕێیان و خوێنەران بەو هێرش و داپڵۆسینە ستالینییەی دڵگران نەبن!

هاوڕێ جەلال لە دوا وتەیدا هاوار ئەکات و داوای "نەجدە" ئەکات لە هاوڕێیان ، لە حیزبەکان ، کەسانی سیاسی بە بەرەی چەپ و ڕاستیانەوە لە خوشکان ، لە پێشمەرگە ، لە کەسانی بێلایەن و وابەستە ، هەر هەموویان ، فریا کەون ، وریابن ، کۆمەکی پێبکەن کە ئەوانەی ڕەخنە لە هەڵە و کەموکوڕییەکانی هاوڕێیانی سەرکردە و کۆنە سەرکردە و مەرجەع ئەگرن ، ئەبێت سەرەوخوار هەڵیان واسین ، ئەبێت هەموومان هەوڵ بدەین لەو پێناوەدا کە کەس بە خەویش نەوێرێت ڕەخنە بگرێت!

ئەمرۆ هاوڕێ جەلال بە خاووخێزانیەوە لە وڵاتێك ئەژی کە تیایدا مەلیك ماوە ، وا ئەزانێت هەر بەو خەیاڵەوە ئێستاش لە کوردستان مەلیك هەر ماوە!

هاوڕێ جەلال 70 لاپەڕەی (پشتئاشان لە نێوان ئازار و بێدەنگییدا) ، گوایە بە باش

داناوە ، بە بۆچوونی ئەو ، ئەوانە زیانیان بۆ پەزەکە نیە ، واتە ئـەو چـەند بـرادەرەی کۆمەکیان پێکردووە کە هەر لـە سەرەتای ڕەخنەکانیدا ناوی هەندێکیانی بردووە.

لـە کۆتاییەکەیدا ئەیسەلمێنێت کە ئەو شین و ڕۆڕۆیەی لـە جەوهـەردا بـۆ داکۆکییـە لـە هەڵـە و ناتەواوییەکانی ئەوان و بەس!

لـە ڕاستییدا نامیلکەکەی پەیوەندیی بـە حیـزب و پێـشمەرگە و شـەهید و مێـژووی درەوشـاوەی حیزبـەوە نیـە ، کتێبەکـەی پـشتئاشان ، هـیچ کـون و کەلـەبـەرێکی نەهێشتووەتەوە بۆ کەسانێك کە بازرگانیی پێوە بکەن و نان و پیازێکی پـێوە بخـۆن! بۆ هەر مەبەستێك بێت ، هەر ئاشکرا ئەبێت.

# هەنگاوێك بۆ پێشەوە و دووان بۆ دوواوە!

ئەمڕۆ مێژووی خەباتی حیزبەکان بە باشە و هەڵـە و ناتەواوییەکانیـشیانەوە شـاراوە نیـە. کتێبەکـەی پـشتئاشان داوای بـە خۆداچـوونەوە و هەڵوێـستە ، چـونکە ئـەبینم لـەگەڵ هەر هەنگاوێك بۆ پێشەوە ، دوو هەنگاو بۆ دواوە و بە تێکشکانێکی گـرانترەوە کۆتایی دێت.

هەیە نیگەرانـە بـەم پێـشنیاز و سکاڵا و بۆچـوونانە و ئەیـەوێت ببێتـە کۆسـپ لـە بەردەم گۆڕانکارییەکاندا و ڕێگەی دەمکوتکردن و هەڕەشە و پەلامار ئەگرێتەبەر ، جـا بە هەر شێوەیەك بێت ، ئەمەش لـە داهاتوودا بێگومانە کە بەرهەمەکەی مـاڵوێرانیی و سەرگەردانیی زۆرتری لـەدوایە.

## سەرچاوەکان :

1– فاتح رسول ، چەند لاپەڕەیەك لـە مێژووی خەباتی گەلی کورد ، بەرگی 3 ، لاپەڕە 301 ـ 308

2– ئەحمەد بانیخێلانی ، بیرەوەریەکانم ، لاپەڕە 459 ـ 460

3– فازیل کەریم ئەحمەد (جەعفەر) ، ڕێگای ئاشتی و سۆشیالیزم ، ژمارە 3 ، ساڵی 1986 ، ئەمڕۆ زەماوەند ئەگێڕین ، لاپەڕە 102–116

4– سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 102–116

5– ئەحمەد بانیخێلانی ، بیرەوەریەکانم ، لاپەڕە 465

6– سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 462

7– سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 461

8– سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 461

9– سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 471

10– سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 467

11– سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 465

12– گۆڤاری هەندرێن ، ژمارە 7 ی ساڵی 2000 ، لاپەڕە 27

13– جرجيس فتح الله المحامي ، العراق في عهد قاسم ، لاپەڕە 761

14– فاتح رەسول ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد ، بەرگی3 ، لاپەڕە 402 ـ 404

15– بهاءالدين نوري ، مذكرات ، لاپەڕە 350

16– ئەحمەد بانیخێلانی ، بیرەوەریەکانم ، لاپەڕە 337

17– نەوزاد نوری وەلی ، ڕونکردنەوەیەکی پێویست ، گوڵان ، ژمارە 291

18– نەوزاد نوری وەلی ، گفتوگۆ! یان (دەمەقاڵێ)؟ ، پەیام ، ژمارە 23–24

19– مافی لەچاپدانەوە! بەربانگ ، ژمارە 115

20– بهاءالدين نوري ، مذكرات ، لاپەڕە 350

21– فاتح رسول ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد ، بەرگی 3 ، لاپەڕە 396 ـ 405